# تەکنۆلۆژیای نانۆ کۆتایی مرۆڤە یان کۆتایی کێشەکانی مرۆڤە

( 2_1 )


ئیرۆن عومەر



هەر یەکێ لەئێمە، ڕۆژێ لەڕۆژان کۆمەڵێ پرسیاری بێ وەڵامی لەبیرو ئەندێشەدا سەری هەڵداوەو تەنانەت خودی پرسیاری ئەوەی، کە ئایا ڕۆژێ دێت ئەو پرسیارە بێ وەڵامانە وەڵامێکیان هەبێت پرسیارێکی بێ وەڵام بووە!، بەڵام ئایا ئەو گۆڕان و پێشکەوتنانەی لەئەنجامی جولانەوەی مرۆڤایەتی بۆ بەدەست هێنانی ژیانێکی باشترو هوروژمی تیژڕەوی زانست و پێشکەوتنی مرۆڤەکان، وەڵامی زۆرێك لەو پرسیارانەی بەرهەم هێناوە یان نا؟! هەڵبەت نابێ پێمان وابێ ژیان و مێژووی کۆمەڵەمرۆییەکان کۆمەڵێك پرسیاری سنووردارو دیاریکراوی خوڵقاندووەو بەدەسکەوتنی وەڵامەکانیان، ئیتر مرۆڤایەتی خۆی گەیاندۆتە لووتکەی شارستانیەت و پێشکەوتن، بەڵکو جەدەلیەت و بزاوتی مێژوویی و بەرهەمی عەقڵی مرۆڤ ڕۆژ نییە وەڵامی کۆمەڵێك پرسیار نەداتەوەو کۆمەڵێ پرسیاری نوێش نەهێنێتە بەرهەم، تەنها کۆمەڵێ پرسیاری بڤەو حەرام نەبێت، کە تا سەردەمانێك لەکۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان بەدەست وەردان لەکاروباری خوا دادەنران، بەڵام لە دواساتدا ئەوانیش دیواری وەهمیان لەڕوو لادراو کەوتنە بەر زەڕەبینی لێکدانەوەی عەقڵی مرۆڤ و بەرهەمی زانستی مرۆڤ، با ئێمەش لێرەدا کەمێك تێکەڵی ئیشکردن لەسەر وەڵامی ئەو پرسیارە حەرامانە بین، کە تا ئەو ساتەش لەکۆمەڵگاکانی ئێمەو هەموو کۆمەڵگا تەقلیدیەکان بە دەستوەردان لەکاروباری خوا دادەنرێن و ئاماژە بەکۆمەڵێکیان بکەین و دواییش بەپێی توانا، ئاماژە بە وەڵامەکانیان بکەین:

سەرنج بدەنە ئەو پرسیارانە، کە زۆرجار لەخۆوە بەزەینی مرۆڤەکاندا گوزەر دەکەن!

بۆچی هەندێك لەمرۆڤەکان دەسەڵاتدارن و هێندێکیش بێ دەسەڵات؟! ئایا ڕۆژێك دێت مرۆڤی بێ دەسەڵات و ژێردەستە نەمێنێت و هەموو مرۆڤەکان دەسەڵاتدار بن؟ بۆچی هێندێك مرۆڤ لەلایەن هێندێکیان و هێندێك چین لەلایەن هێندێکیان و هێندێك نەتەوە لەلایەن هێندێکیان و هێندێك وڵات لەلایەن هێندێکیی تر دەچەوسێنرێنەوە؟، ئایا دەکرێ ڕۆژێك هیچ یەکێك لەو چەوسانەوانە نەمێنن؟ بۆچی هێندێك مرۆڤ هەژارو هێندێکیان دەوڵەمەندن؟، تۆ بڵێی ڕۆژێك لەڕۆژان هەژاری و دەوڵەمەندی نەمێنێ و ئەم دوو وشەیە تەنها لەنێو فەرهەنگە زمانەوانییەکان بمێننەوەو بگێڕدرێنەوە بۆ سەردەمێکی مێژوویی و مرۆڤەکان لەڕووی داهات و پێداویستییەکان یەکسان بن؟ دەکرێ وای لێ بێ نەخۆشی نەمێنێ و هەموو مرۆڤەکان لەشساغ و تەندروست بن! نەخۆشخانەکانیش بەو شێوازە تەقلیدیە نەمێنن ؟ تەمەنی مرۆڤیش درێژتر دەکرێت؟ مرۆڤی ناشیرین جوان دەکرێت؟ زمانی قسەکردنی نێوان مرۆڤەکان بەو شێوازەی ئێستا دەمێنێت، یاخود دەبێتە زمانی ئاماژەکان و نیشانەکان (إشارات و رموز) و هەموو جیهان بەیەك زمان قسەدەکات؟! ئایا کاری دەستیی دەمێنێت و مرۆڤ ماندوودەبێت؟ سیاسەت دەمێنێت؟ پێویست دەکات مرۆڤەکان سەر بە ئایینە جیاجیاکان بن؟ مرۆڤی نهێنیزان و سوپەر پەیدا دەبن؟ ئەو پرسیارانەو دەیان پرسیاری تریش وەڵامەکانیان لەگەڵ ئاشکرا بوون و پەرەگرتنی زانستێکی نوێ و سەرسوڕهێنی بەئاسانی قبوڵ نەکراو ڕوون دەبنەوە، کە ناوی تەکنۆلۆژیای نانۆ(Nanotecnology)ی لێنراوە .



## تەکنۆلۆژیای نانۆ چییە؟!

تەکنۆلۆژیای (نانۆ) تەکنیکێکی نوێیە، کە لەساڵی 1990 وە دەرکەوتووەو کاری لەسەر دەکرێت، بەڵام بەهۆی ئەو گۆڕانە سەیرو پڕمەترسیانەی بەرپای دەکات، وڵاتە پێشکەوتووەکان و دەزگا زانستیەکانیان نەیانهێشتووە دەنگ و باسی ئەو تەکنۆلۆژیا نوێیە بکەوێتە بەردەستی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیای جیهانی و هەوڵیان داوە بەشاراوەیی بمێنێتەوەو بەنهێنی کاری تێدا بکرێت، بەڵام دیارە کە هیچ شتێك تاسەر بەنهێنی نامێنێتەوە، بۆیە دوای پازدەساڵ هەواڵەکانی کارکردن لەو بوارەدا بەشێوەیەکی زۆرکەم کەوتۆتە سەر زاران و ڕووپەڕی ڕۆژنامەو دەزگا زانستیەکان، ئەو تەکنۆلۆژیایە کە تا ئێستا


کەمترین خەڵك زانیارییان لەبارەیەوە هەیەو زۆرترین خەڵك لێی بێئاگان، تەنانەت لەئەوروپاو وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش، هەندێکیش لەوانەی شتێکی لێ دەزانن ترس دایگرتوون و بەشێکی زۆریش لەڕۆشنبیران و زانایانی بواری کۆمەڵایەتی بە یۆتۆپیای دادەنێن و پێیانوایە ئەمە تەنها خەیاڵی زانستیی‌یەو ئەستەمە بێتە ناو ژیانی مرۆڤ و کاریگەری لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتییان دابنێت، هێندێکیان پێیان وایە ڕزگاربوونی مرۆڤایەتیە بەتەواویی، لەهەموو ئەو کێشانەی بەدرێژایی مێژوو و تا ئێستاش هەیەتی و لەبەرامبەریشدا هێندێکیان لایان وایە، کە بە پەرەگرتنی ئەو زانستە مرۆڤ بۆ هەمیشەو بەیەکجارەکی لەسەر ئەستێرەی زەوی لەناودەچێت، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش ئەم تەکنۆلۆژیایە شتێکی ڕاستیی و حەتمییە، کە تاماوەی نیوسەدەی تر، یان کەمتر سەرلەبەری ژیانی مرۆڤەکان دەگۆڕێت و هەموو ئەو ترادسیۆن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی هەن هەڵیان دەوەشێنێتەوە، یان لەناویان دەبات و بەجۆرێکی تر دایان دەڕێژێتەوە، تەکنۆلۆژیای نانۆ شۆڕشێکی پیشەسازی نوێیە، کە مرۆڤایەتی دەیان هەزارجار ئەوەندەی لەسەرەتای بوونیەوە تا ئەمڕۆ پێی گەیشتووە پێشدەخات، بەرهەم و تەکنیکاریەکانی ئەم زانستە، کە تا ئاستێکی نزیك لەخەیاڵ دێنە بەرچاو، لەماوەی چەند دەیەی ئایندەدا بەهۆیەوە زۆرێك لەدیاردەکان و کێشەکان بەتەواوەتی شوێنەواریان نامێنێ و هەموو ئەو وەهمانەش، کە خەیاڵی زۆرێك لەمرۆڤەکان پێیەوە گیرۆدەن لەزەینیاندا دەسڕێتەوە.

ڕەنگە لێرەدا خوێنەر حەوسەڵەی نەمێنێ و چیتر لەگەڵ ئەم پێشەکیەماندا نەڕوات و بیەوێت زووتر بزانێت ئەم تەکنۆلۆژیایە سەیرە لەچی پێکدێت، کە ئەو هەموو بەرەنجامە سەیرو سەمەرانەی لێ دەکەوێتەوە، دیارە ئەو کەمە زانیاریەی ئێمە لەبارەی ئەو تەکنۆلۆژیایە دەستمان کەوتووە بەکورتی دەیخەینە ڕوو، بەهیوای ئەوەی خوێنەر بتوانێت تا ئاستێك لێی تێبگات، بەمەرجی ئەوەی باکگراوندێکی سادەی لەزانستی فیزیك و کیمیك هەبێت .

نانۆ(NANO) پێوەرێکی (مەتر)ییە، یەك نانۆمەتر بریتیە لەیەك لەسەر یەك ملیاری مەترێك، کە دەکاتە یەك لەملیۆنی ملیمەترێك. یان یەك لەسەر هەشتا هەزاری تیرەی موویەك، بەمانایەکی تر نینۆکی مرۆڤ لەماوەی یەك سانیەدا یەك نانۆمەتر درێژ دەبێت، وشەی نانۆ لەئینگلیزییدا بە هەموو ئەو شتانە دەوترێت، کە وردو ڕێکن، وشەکە لەبنچینەدا گریکی‌یەو بەمانەی کورتەباڵا (قەزەم) هاتووە، پێوەری نانۆمەتر لەلایەن زاناکانەوە بۆ پێوانی خانەکانی لەشی زیندەوەرەکان و ئەتۆمەکان و ئەو ئەلیکترۆنانەی کە بەدەوری ناوکی ئەتۆمەکانەوە دەخولێنەوە بەکاردێت، واتە پێوەرێکە بۆ پێوانی بچووکترین پێکهاتەی گەردوون .

## سەرەتای بیرۆکەی ئەو زانستە لەچییەوەو کەی دەستیپێکردووە ؟!

زانای بەناوبانگی ئەمەریکی ( ڕیچارد فاینمان Richard Feynman )، کە بەیەکێك لەگەورەترین زاناکانی سەدەی بیستەم لەزانستی فیزیا دادەنرێت و لەساڵی 1965 خەڵاتی نۆبلی وەرگرتووە، لەساڵی 1959 دا پرسیارێکی وروژاندو گوتی (چی ڕوو دەدات ئەگەر توانیمان لەباتی تەقاندنەوەی ئەتۆمەکان (الذرات) جوولەیان بخەینە ژێر کۆنترۆڵ و شوێنەکانیان بگۆڕین و بە ئارەزووی خۆمان ڕیزبەندیان بکەینەوە ؟). دیارە پرسیارەکەی






فاینمان لەو ساتەدا زیاتر تیۆری و گریمانەکی بوو، چاوەڕێشی نەدەکرد وەڵامێکی دەسکەوێت لەئایندەیەکی دوور نەبێت، لەوێدا ئەو زانایە نموونەیەکمان پێشکێش دەکات و دەڵێت زانایەك دەرزییێك بۆ زانایێکی تری هاوڕێی دەنێرێت، لەسەر نووکی دەرزیەکە ئەم رستەیە دەنووسێت: ڕات چییە بەرامبەر بەمە، ئایا دەتوانی لاسایی بکەیتەوە؟ زانای دووەم لەسەر پیتێکی ناو رستەکە ئەم ڕستەیە دەنووسێت : زۆر باشە ئەی تۆ ڕات چیە بەرامبەر بەمە؟ بەم شێوەیە بۆ یەکەم جار، بیرۆکەی نانۆ تەکنۆلۆژی لەلایەن فاینمان ئاماژەی پێکراوە. لەساڵی 1986 زانای ماتماتیکی ئەمەریکی (ئەریك دریکسلەر Eric Drexler) کتێبێکی بڵاوکردەوە لەژێر ناوی (جولێنەرەکانی پێکهاتە Engines of Creation)، کە بە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە ئەمیشیان بەیەکێك لەدامەزرێنەرە چالاکەکانی ئەو زانستە دادەنرێت، دریکسلەر لەکتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە گەردوون بەو گەورەییە لەخەیاڵ بەدەرەی خۆیەوە، لەبنچینەدا لەو پێکهاتە بچووکانە پێکهاتووە، کە پێیان دەگوترێت ئەتۆم (ذرة)، هەروەها ئاماژە بەوە دەدات، کە دەبێ تەکنۆلۆژیایەك پەیدا ببێت، بۆ دەسگرتن بەسەر ئەو پێکهاتە بنچینەییانەدا. کەواتە تەکنۆلۆژیای نانۆ تەکنۆلۆژیایەکە لەئاستی ئەتۆمدا، واتە هێندە وردو بچووکە، کە بەچاوی ئاسایی نابینرێ. بەڵام پەیدابوونی ئەم زانستە بەشێوەیەکی کردەیی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1990 ، کە بۆیەکەم جار لەلایەن کۆمپانیای ( IBM= International Business Machinnes)ی ئەمەریکی یەکەم هەنگاوی بۆ هەڵهێنرا،



ئیریک دریکسلەر ...... دانەری کتێبی جوولێنەرەکانی پێکهاتە

لێکۆڵەرانی ئەو کۆمپانیایە دوای 41 ساڵ وەڵامی پرسیارەکەی فاینمانیان دایەوەو گوتیان بەڵێ دەکرێت دەست بەسەر ئەتۆمەکان و جوولەیان دابگیرێت بە شێوەی تاک تاکە (مفرد)، بۆ سەلماندنی ئەمەش 35 ئەتۆمیان لەمادەی (زینون) بەشێوەی تاك تاك هێناو لەسەر ڕوویەکی نیکل ڕیزیان کردن و توانیان سێ پیتی IBM ی پێ بنووسن، کە ناوی کۆمپانیاکەیانە، ئەمە بوو بەیەکەمین و بچووکترین ناو لەمێژووی دنیادا، هەرچەندە عەرەبەکان دەڵێن گوایە زانای فیزیکی عەرەب (منیر نایفە) لەزانکۆی (ئەلینوێ)ی ئەمەریکی یەکەم کەس بووە، کە پیتی Pی بەچەند ئەتۆمێك نووسیوە، بەڵام جارێ ڕوون نیە کە بەڕاستی ئەو دەسپێشخەر بووبێت. هەروەها یابانیەکان توانیویانە پەیکەری شوور(ثور)ێك دروست بکەن، بە 30 شاخەوەو تیرەی هەر هەمووشی ناگاتە یەك خاڵی سەر کاغەز، ئەمەش بچووکترین پەیکەر(منحوتە)یە لەدنیا تاکو ئێستا .

دەست بەسەرداگرتنی ئەتۆمەکان و جوولەی ئەتۆمەکان، مژدەیەکی گەورەبوو بۆ هاتنەکایەی تەکنۆلۆژیایەکی ئێجگار گرنگ، کە بۆی هەیە سەرلەبەری دنیا بگۆڕێت، ڕەنگە یەکێك بپرسێت باشە تەکنۆلۆژیایەك بەو بچوکیەو کارو چالاکیەك بەو وردیە، کە تەنانەت چاو نایبینێت، ئەو گۆڕانکارییە گرنگ و گەورانە چین و چۆنن، کە لەدنیادا بەرپایان دەکات؟ وەڵامەکەی زۆر ئاسانە بەڵام لێرەدا لەجیاتی وەڵام، کە دواتر بۆمان دەردەکەوێ سەیری ئەم هاوکێشەیە بکەن، ئاشکرایە کە لەوڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی قورس و پیشەسازی سووك (صناعات الثقیلة و صناعات الخفیفة) هەیە، کە کاڵای گەورەو بچووکیان لێ بەرهەم دەهێنرێت، بەمانایەکی تر بەئامێرو ئامرازی گەورەو قەبارەزل، لەکەرەستەی گەورە کەل و پەلی گەورە دروست دەکرێت ، بەئامێرو ئامرازی بچووکیش لەکەرەستەی بچووك، شتی بچووك دروست دەکرێت، کە ئەمە شێوازێکی تەقلیدیە لەپیشەسازیی و بەرهەمهێناندا، لە وەتەی مرۆڤ هەیەو بەتایبەتی لەشۆڕشی پیشەسازی بەدواوە لەئەوروپا، بەڵام بەدەرکەوتنی نانۆتەکنۆلۆژی، هاوکێشەکە بەم شێوەیە دەگۆڕێت : بەبچووکترین شت بچووکترین شت تاگەورەترین شت دروست دەکرێت. تەکنۆلۆژیای نانۆ شێوەی دروستکردنی هەرشتێك پێچەوانە دەکاتەوە، تا ڕۆژگاری ئێستاش کاڵای بچووك لەکەرەستەی گەورە دروست کراوە، بۆ نموونە بۆ دروستکردنی پستۆنێکی ئۆتۆمبێل لەکارخانەدا، پارچە ئاسنێکی گەورە دەهێنرێت و دەبڕدرێت تا ئاستی پێویست لێی دادەتاشرێت و دەسوێنرێت، واتە لووس دەکرێت تا بەو شێوەیەی لێ دەکرێت، کە بۆ بەکارهێنان دەستبدات، بەڵام هەر ئەم پستۆنە ئەگەر بیخەینە ژێر زەڕەبینێکی تایبەت بەبینینی زەڕەکان، دەبینین نەك هەر لووس نیەو ڕەق نیە، بەڵکو لەسەر ئاستی زەڕات ئەوەندە زبرەو ئەوەندە پیس و تێکەڵە لەخڵتەی مادەکانی تر، کە توانای کارکردنی (کفأة)ی سنووردار دەبێت و تەمەنی کارکردنی ئەوەندە درێژنیەو دوای چەندساڵێك یان ماوەیەك لەوانەیە تێك بچێت، بابزانین پستۆنێکی ئۆتۆمبێل بەهۆی نانۆ تەکنۆلۆژی چۆن دروست دەکرێت! دوای ئەوەی دەسگیرا بەسەر ئەتۆمەکان و جوولەیاندا لەڕێگای ئامرازی تایبەت، کە هەر ئێستا لەدەزگا زانستیەکانی تایبەت بەو مەسەلەیە دروست کراون، دەکرێت ڕیزبەندی سروشتی ئەتۆمەکانی هەر مادەیەك هەڵوەشێنرێتەوەو بەشێوەیەکی تر، کە مرۆڤ دەیەوێت ڕیزبەندیان بکاتەوە بۆ دروستکردنی مادەیەکی جیاواز لەمادده ئەسڵیەکە، یاخود بۆ دروستکردنی توخمێکی تر لەمادده، کە لەسروشتدا نیە، ئەمەش سەرەتا بەهۆی ڕیزبەندکردنی چەند ئەتۆمێك بۆ پێکهێنانی شتێك، کە ئەویش زۆر بچووکەو بەچاو نابینرێت و پێی دەگوترێت مۆلکول (کۆمەڵە ئەتۆم: الجزیئة Molecule) مۆلکول ئەو شتە گرنگەیە، کە تەواوی کاری ئەم تەکنۆلۆژیایەی پێوە بەندە، مۆلکۆل لەکۆمەڵە ئەتۆمێك پێکدێ، کە تایبەتمەندی فیزیکی هەیەو بە کۆمپیوتەری تایبەت پڕۆگرام دەکرێت بۆ هەر ئامانجێك کە مەبەست بێت، ئەوە مولکولی پڕۆگرام کراوە، کە هەموو شتێك دروستدەکات لەگەورە تا بچووك، بۆ دروستکردنی پستۆنەکە مۆلکول دێت لەزەڕەیەکەوە دەست پێدەکات و تلیارەها و ترلیۆنەها زەڕە لەماددەیەکی دیاریکراو دەخاتە سەر یەك، واتە لەخوارەوە بۆ سەرەوە، لەبچووك بۆ گەورە، تا ئەو پستۆنەمان دەخاتە بەردەست کە بە کۆمپیوتەر وێنەی کێشراوە، ئەگەر بەزەڕەبینی تایبەت سەیری بکرێت ڕیزبەندی ئەتۆمەکانی هێندە ڕەق و ڕێك و لووسە، کە توانای کارکردنی هەزاران جار لەپستۆنی ئاسایی زیاترە .

### ئەحمەدی بەحری:

# من ریفۆرمخوازی دەکەم، کاری باشتر دەکەم، بەڵام نایڕوخێنم هەتا شتێکی بەرامبەرم نەبێ




**ئەحمەدی** بەحری، بەڕێوەبەری بەرپرسی گۆڤاری مهاباد، ناوێکی دیاری ناوەندی رۆشنبیریو رۆژنامەوانی رۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەو لەگەڵ چەند نووسەرێکی شاری مهاباد، نزیکەی شەش ساڵە بێ نێوبڕ کار بۆ دەرکردنی مهاباد، کە گۆڤارێکی کۆمەڵایەتیو ئەدەبیو فەرهەنگییەو بەهەردوو زمانی کوردیو فارسی دەردەچێ دەکەنو هەمووی مانگێ ژمارەیەکی تازەی دەخەنە بەر دیدی خوێندەوارانی مهابادو شارەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان.. سەبارەت بزووتنەوەی رۆشنبیریو نەبوونی دیدی رەخنەگرانە لەرۆژنامەگەریو بەربەستو هێڵە سوورەکانی بەردەم کاری رۆژنامەوانی لەئێران، ( کۆوار) ئەم هەڤپەیڤینەی لەشاری مهاباد لەگەڵ نووسەرو رۆژنامەڤان ( ئەحمەدی بەحری) سازدا.

*** کاتێك لەمهاباد بەنێو کتێبفرۆشو رۆژنامەفرۆشەکاندا گەڕایین، پرسیارمان کرد کە خوێنەری ئێرە پێشوازی لە چ گۆڤارو رۆژنامەو بابەتێك دەکات، قسە لەسەر گۆڤاری ئێوە کرا ، برادەرێك پێی وابوو مهاباد زۆر بەکەمی خۆی لەقەرەی لێکۆڵینەوەی سیاسیو بەدواداچوونی رەخنەگرانە دەدات، ئەم حاڵەتە بۆ چی دەگەڕێننەوە؟**

– مهاباد جەمسەری گشت گرفتەکانی کوردستانە، لێرە کەسێك بیەوێ کار بکات دەبێ زۆر خاڵی لەچاودابێت، بەڵام ئێمە هیچ کات سنوورەکانمان فەرامۆش ناکەین، چاومان لەو ئاسۆیەیە کە دێتە دەرێ، بەڵام بۆ دەربڕینی بابەتەکان زمانی تایبەتی خۆمان هەیە، من لێرە رایدەگەیەنم کە خۆمان لەهیچ شتێ نەبواردووە، لێ زمانی تایبەتی خۆمان هەیە.

ویستوومانە خۆمان لەشیعار دوورکەینەوە، خۆمان لەهەندێ وشەو مانشێت کە دەتوانێ گرفت دروست بکات دوورخەینەوە. لەهەموو ژمارەکانیشدا بەڕاشکاوانە ئەو گرفتانەی کە ئێمە هەمانە خستوومانەتە روو. رۆژێك لەو ئەرکە پیرۆزەی خۆمان دەستمان هەڵنەگرتووە، چونکە ئەرکمان وابووە. ئێمە پێمان وایە رەخنە لەسەر دەسەڵاتیش شێوەی تایبەتی خۆی هەیە. تەنانەت لەسەر دەسەڵاتی کوردی ئەو دیویش، کە لێرە رەخنەی لەسەر هەبووە ئێمە بەو شکڵە شرۆڤەمان نەکردووە. دەبێ رەخنە بۆ دەسەڵاتی ئەودیو سنووری هەبێ، ناتوانرێ رەخنە ڕوخێنەر بێ، چونکە ئێمە بەدیلمان نییە.

*** تۆ کە رەخنەیەك دەگری بۆ ئەوەتە دیاردەیەك نەهێڵیو شتێك تێك بشکێنی، تۆ پێت وا نییە بەو شێوە کلاسیکیە چوارچێوەیەك بۆ رای ئازادو کاری رۆژنامەوانی دادەنێیت؟**

– رەخنەکە چۆن بێ؟ گەر رەخنەکە ڕوخێنەر بێ قبوڵە، فەرموون وەرن بیڕوخێنین، بەڵام بەدیلمان هەیە؟ لەباشوورو رۆژهەڵاتو لەم لاو ئەولا، لەهەموو لایەك هێرشیان هێناوەو ئامادەن ئێمە لەناوبەرن.. ئایا تۆ بەدیلت هەیە؟ من پرسیار ئاراستەی ئەو کەسانە دەکەم، سەددام بە دڕندانەترین شێوە هات هەموولایەکی لابرد، ئەو هەموو خوێنڕێژییەی کرد، ئەنفالی کرد، بۆ ئەو کات نەدەوێران کاربکەن. ئێمە دەڵێین دەبێ رەخنە هەبێ، بەڵام تا ئەو جێییە بەلای منەوە دروستە. برا تۆ لەودیو دانیشتووی، ئێمە لەم دیوە دانیشتووین، دەبێ شتێ هەبێ لەشوێنی دابنیشێ، کە شتێکی باشترم نەبێ من رەخنەی ڕوخێنەر ناگرمو نایڕوخێنم. من ئێرە چاك دەکەمەوە، ریفۆرمخوازی دەکەم، کاری باشتر دەکەم، بەڵام نایڕوخێنم هەتا شتێکی بەرامبەرم نەبێ.

*** پێشوزای خوێنەران لەگۆڤاری ئێوە، هەم لەمهابادو هەم لە شارەکانی تری رۆژهەڵاتی کوردستان، لە چ ئاستێکدایە، ئایا تیراژی مهاباد چەندە؟**

– لەکوردستانی ئێران کاتێك کتێبێکی چاك دێتە بازاڕ، گەر زۆری لێ بفرۆشریت 1000 دانەی لێ دەفرۆشرێت، بەڵام ئێمە تیراژی 3000 دانەی لێ دەردەکەین، تا ئێستا لە 2600 کەمتر فرۆشراومان نەبووە، ئەوەش نەك بە کەمی نازانیین، بەڵکو بەزۆری دەزانین، کە 2600 دانە بفرۆشرێت، ئێمە ئەو پێشوازیو ئاشنایەتییەی کە لەگەڵ خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان هەمانە بە کەمی نازانین.

*** باست لەوەکرد گۆڤارەکەتان لەسەرتاسەری کوردستان بڵاودەبێتەوە، ئاخۆ ئەو بابەتانەی کە تێیدا بڵاودەبنەوە بەرهەمی نووسەرانی مهابادن، یان لە شارو پارچەکانی تری کوردستانیش نووسینتان بۆ دێت؟**

– لەئێران کاتێ تۆ دەتەوێ مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤارێك وەرگری دەبێ پێنج ناو پێشکەش بکەیت، لەوێش ئەو ناوە هەڵبژردراوە، دیارە ئێمە لەهەڵبژاردنی ئەو ناوە زۆر خۆشحاڵینو وەکو

# ئەحمەدی شامیلۆ شیعرێکی زۆر بەرزی بۆ کوژرانی داوبازێك لە ئیسپانیا هەیە، کەچی بۆ هەڵەبجە یەك وشەی بەسەر قەڵەمدا نەهات



ناوێکی لۆکاڵی چاوی لێ ناکەین، بەگۆڤارێکی سەرتاسەریی دەزانین و ناوەڕۆکی گۆڤارەکەش ئەوە نیشان دەدات، کە ئێمە پێمان خۆشە دەست بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان و بۆ هەموو پارێزگاکانی کوردستانی ئێران درێژبکەین و هەمیشە گرینگیمان داوە بەو نووسینانەی کە لەدەرەوەی مهاباد بۆمان دێن.

***مهاباد وەکو گۆڤارێك مۆڵەتی لەکوێ وەرگرتووە، ئاخۆ ئەگەر کۆمەڵێك نووسەر بیانەوێ گۆڤارێك، یان رۆژنامەیەك دەربکەن، کێ رێگایان پێ دەدات؟**

– بەپێی یاسای ئێران، وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی، مۆڵەت بە بڵاوکراوەکان دەدات، کەسانێك مەبەستیان بێت گۆڤار، یان رۆژنامەیەك دەربکەن، دەبێ کۆمەڵێك بەڵگەنامەی تایبەتییان هەبێ، بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەبێت، مۆڵەت وەرگرتن کارێکی سادە نییە، خۆم بەر لەوەی مۆڵەتی گۆڤاری مهاباد وەربگرم، بڕوانامەی بەکالۆریۆسم نەبوو، دوای 10 ساڵ مامۆستایی لەقوتابخانە، توانیم سەرلەنوێ بخوێنم و بەکالۆریۆس وەرگرم، ئیدی ئەوە وەك نموونەیەك، بەگشتی مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤارو رۆژنامە، کارێکی دژوارەو راگرتنیشی لەوە دژوارترە.

***ئاخۆ لەبەردەم دەرچوونی بڵاوکراوەیەك، چ سنوورێك دیاریدەکرێت؟ ئایا ئەوان سانسۆر دەسەپێنن؟ یان مەرجێك دادەنێن، بۆ ئەوەی خۆ لەقەرەی جۆرێك لە نووسین نەدرێت؟**

– بەپێی ئەو داخوازیەی کە تۆ دەیکەی چوارچێوەکەی دیاری دەکرێت، بەلام سنوورێکی تایبەتی نییە، ئێمە وتمان گۆڤارەکەمان کۆمەلایەتی و ئەدەبی و فەرهەنگی یە، لەتەواوی گرفتەکانی کۆمەڵگا نزیکدەبێتەوە، تەنانەت دەتوانێ جێی بابەتی سیاسیشی تێداببێتەوە. بەمەش کاتێ تۆ مۆڵەتی گۆڤارێك وەردەگری سنوورت بۆ دیاری ناکرێ، مۆڵەت دەدەن تۆ کارەکە بکەی، دواتر ئەگەر لەنێو بابەتەکان بابەتێك چاپ کرا، لە روانگەی بەرپرسان لەسنوور لادان بوو، ئەو دەمە دێن دیکۆمێنت ئامادە دەکەن و دەیدەنە دادگا.

***وەك ئەبینین ئێوە ئۆفیسێکتان هەیە، ستافێك ئەرکی دەرکردنی ئەو گۆڤارەی لەئەستۆ دایە، ئەکرێ بپرسین کێ پشتوانیتان دەکات و خەرجییەکانی تێچوونی لەئەستۆی کێیە؟**

– هەر لە چایەو مێزەوە، تا دەگاتە ئامێرو هەموو پێداویستییەکانی دیکە بە پوولی خەڵك کڕاوە، بەگشتی گۆڤاری مهاباد بە پوولی خەڵك بەڕێوەدەچێ. ئێمەی کارگێڕانی گۆڤار هیچ پوول و پارەیەك وەرناگرین، هەموومان بێ بەرامبەر کار دەکەین. تەنیا ئەو دوو خاتوونە نەبێت، کە لەسەر کۆمپیوتەرەکان کاردەکەن، ئەوانیش پارەیەکی یەکجار کەمیان دەدەینێ. بەمشێوەیە توانیومانە لەماوەی ئەو پێنج ساڵە گۆڤارەکە رابگرین و نەهێڵین بەملاو ئەولادا بکەوێت، نەکەوتووینەتە دامێنی هیچ لایەنێك، ئەمەش یەکێکە لە شانازیەکانمان.

*** لەمهابادو شارەکانی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستان بزاڤی رۆژنامەوانی لە چ ئاستێك دایە؟**

– ئەو رۆژنامانەی لەکوردستان دەردەچن، ئێمە زۆر بەکەمیان دەزانین، ئەمەش غەدرێکە لەئێمە دەکرێت، دەبوایە بەرپرسانی دەوڵەت زۆرتر ئاوڕیان لەم لایەنە دابایەوە. لەم رووەوە تەنها سێ چوار پێنج دانەیەکمان هەیە، چەند بڵاوکراوەیەك مۆڵەتیان لێ سەندرایەوە. سەردەمێك بڵاوکراوە لەزانکۆکان دەردەچوون شوێنێکی باشیان لەڕەوتی رۆژنامەگەریی هەبوو، ئەوان هەموویان لاو بوون و پڕ ئیحساس بوون، هەروەها چەند هەفتەنامەمان هەیە، پەیامی کوردستان و رۆژهەلاتمان هەیە بێ نێوبڕ کاردەکەن، ئاشتی و سیروانیش مۆڵەتییان لێ وەرگیراوەتەوە، گۆڤارێکیش لە کرماشان دەردەچێت، وێڕای

گۆڤارێکی تری وەرزیی لەمەریوان، گۆڤاری منداڵانمان هەیە وەکو پاشکۆی مهاباد، جار جاریش شورای شارەکان گۆڤاری مانگانە، یان دوو مانگ جارێك بڵاو دەکەنەوە.

***هەرچەند جۆرێك لەپەیوەندی رۆشنبیری لەنێوان رۆژهەڵات و باشووری کوردستان بوونی هەیە، بەڵام هێشتا پەیوەندیەکە لە ئاستێکی لاوازدایەو نەپەرییووەتە ئاستێکی فراوان و کاریگەر، تۆ ئەم حاڵەتە بەکەم و کورتی نازانی؟**

– بێگومان کاتێك ئێمە پارچە پارچە بین ئەو گرفتە ساز دەبێ، هەمیشە ئارەزووی رۆژنامەوانانی ئێران ئەوەیە، کە هاتووچۆی باشووری کوردستان بکەن و ئەوانیش بێنە ئێرە، ئەمەش شوێنێکی باشی لەبزاڤی رۆژنامەگەری و رۆشەنبیریی کوردی دەبێ.

***دیارە ئێستا بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی رۆشنبیریی لە باشووری کوردستان ئامادەیی هەیە، بە دەیان گۆڤارو رۆژنامەو دامودەزگای رۆشنبیری و راگەیاندن دامەزراون و کاردەکەن، ئێوە وەکو رۆشنبیرانی رۆژهەڵات تا چەند ئاگاداری ئەم بزووتنەوە فەرهەنگییەن؟**

– وەکو تاك، وێ دەچێ ئاگاداریی ئەو دیو بین، سەتەلایتە کوردییەکان لەهەموو ماڵە کوردێك دەکرێنەوە، بەڵام رۆژنامەو گۆڤارو کتێب زۆر بەدەگمەن دەگەنە ئێرە، ئەگەر وەختێك بچیت و بێیت یانی هاتوچۆیەك هەبێ، ئەگەر نا نایەن و ئاگاداریان نین.

*** بە رۆژنامە ئەلکترۆنیەکانیشەوە...**

– ئەوە هەیە، بەڵام لێرە زۆر بڵاونەبۆتەوەو هەموو ماڵەکان پەیوەندییان بە ئینتەرنێتەوە نییە.

***ئایە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان شوێنی کتێب و خوێندنەوەیان نەگرتۆتەوە؟**

– زۆرجار باسی ئەمە دەکرێ، کە کەرەستەیەکی نوێ بتوانێ شوێنی پەیوەندیەکی تر بگرێتەوە، لەم ساڵانە هیچ شتێ جێگای کتێب و رۆژنامەی نەگرتۆتەوە. دەشێ کەمێك لاوازی بکات، بەڵام ناتوانێ جێگای کتێب و گۆڤار بگرێتەوە. هەمیشە رۆژنامەو کتێب ئەو بەرهەمەنەی تێدایە، کە لەم کەناڵانەدا نییە، پێموایە ئەگەر کەناڵی زیاتریش بێتە کایەوە رۆژنامەو کتێب شوێنی خۆیان هەر دەبێ.

***ئەگەر قسە لەسەر پەیوەندی رۆشنبیریی لە نێوان خودی ئێران بکەین، بەتایبەت لەنێوان رۆشنبیرانی کوردو فارس، ئاخۆ تا چەند پەیوەندییتان لەگەڵ رۆشنبیرانی فارس هەیە، چەند ئاگاداری چالاکیی فەرهەنگیی شارەکانی دیکەن و هاموشۆی یەکتر دەکەن؟**

– زۆر گەشبین نییم بەشوێنی ئیجابی رۆشنبیری فارس بەرامبەر بەکێشەی کورد، لەلای زۆربەیان فارسیزم باوەو بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێ، لەم پەیوەندیەدا هەندێك لەگۆڤارو رۆژنامە جارجار هەنگاوێکیان بۆ ئەو پەیوەندییە هەڵناوە، بەڵام من پێم وانییە شێوەیەکی ئیجابی هەبێت.

***تا ئێستا دیالۆگ و گفتوگۆ لەنێوان رۆشنبیرانی کورد و فارس نەکراوە؟**

– شتێکی وا بۆ حاڵیبوون لەکێشەو گرفتەکانی کورد نەبووەو رووی نەداوە.

*** لە نێو رۆشنبیرانی فارس، دەنگی وانییە کە داکۆکی**

# لە ئێران مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤارو رۆژنامە کارێکی دژوارەو راگرتنیشی لەوە دژوارترە

**لەکێشەی کورد، یان لە بزوتنەوەی رۆشنبیریی کوردی بکات؟**

– نموونەیەکی باشت بۆ بهێنمەوە، گەورەترین شاعیری ئێرانی ئەحمەدی شاملۆیە، شاملۆ شیعرێکی زۆر بەرزی هەیە بۆ کوژرانی داوبازێك لەئیسپانیا، کەچی بۆ هەڵەبجە یەك وشەی بەسەر قەڵەمدا نەهات، ئەو دەمەی چ لەرۆژنامەکان و هەتا لە شارەکانی کورد چەند رەخنەیان لەبابەتەکەی گرت، ناڵێم ئەو فەزایە لەسەر فکرەی هەموو رۆشنبیرانی فارسیدا بوونی هەیە، بەڵام ئەگەر بڵێم لەسەر هەرە زۆرینەیاندا زاڵە درۆم نەکردووە.

*** گەر قسە لەسەر مهاباد بکەین، دەوڵەت تا چەند بایەخ بەو شارە دەدات، بەتایبەت لەڕووی گەشەپێدان و بواری خزمەتگوزارییەوە، بۆچی تا ئێستا وەك قەزایەك ماوەتەوە؟**

– لەساڵانی رابردوودا مهاباد ناوەندی موکریان بووە، شارەکانی بۆکان و سەردەشت و نەغەدەو پیرانشارو مێندواو لەژێر چاودێری مهاباد دا بوونە. مهاباد مەرکەزی حوکمداری بووە، شارێکی زیندوو و ناوەندی سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنەکان بووە، شارێکە لە مێژوودا ناوەندی کۆماری کوردستان بووە، ئەمە وەك شانازییەك، خەڵك شانازی پێ دەکات. ئەوەی ئێستاش هەیەتی بەچالاکی خۆی دەستی کەوتووە، بەر لەشۆڕشی ئێران مهاباد رادیۆو تەلەفزیۆن و کارگەو شەریکاتی گەورەی هەبووە، بەڵام دوای شۆڕشی ئێران دەستکەوتمان نەبووە.

***مهاباد نوێنەری هەیە لەمەجلیسی شووورای ئێران؟**

– ئێمە لەئێراندا (20–25) نوێنەری کوردمان لەبەرامبەر (300–400) نوێنەری ئەوان لەمەجلیسدا هەیە، بەمەش ناتوانن هیچ کارێك بکەن، چونکە کورد خاوەن دەنگێکی زۆر کزە.

***ئەو ئەندامانە وەکو فراکسیۆنێکی سەربەخۆی مەجلیسی شوورا کاردەکەن؟**

– لەمەوپێش فراکیسیۆنی کوردیمان هەبوو کاری باشی کرد، زۆر هەنگاوی گەورەی هەڵهێنا، وەلێ لەسەرەنجامدا بەشێوەیەکی باش نەگەیەشت.

***ئەی ئێستا جموجۆڵیان نییە؟**

– ئێستا لەمەجلیسی شوورای ئێران، جموجۆڵی ئەو نوێنەرانە زۆر لەجاران کزترە.

# کوردستان و رۆژنامەی میترۆ



محەمەد گەلاڵەیی

**زۆر** جار دەخوێنینەوە، یاخود گوێبیستی ئەو هەواڵ و نووسینانە دەبین لەرۆژنامەکانی کوردستان، سەبارەت بەگرانیی نرخەکانی رۆژنامەو گۆڤارەکان، کەچی دەبینین لەناو ولاّتان و نەتەوەکانی تردا، رۆژنامەیەك هەیە بەناوی"میترۆ" واتا "بە خۆڕایی"، ئەم جۆرە رۆژنامەیە هەموو رۆژێکی نوێ لەژێر چاپ دەردەچێت و بەخۆڕایی دەگاتە دەستی خوێنەرانی ئەو ولاّتانە، هەتا هەندێك لەو ولاّتانەی رۆژنامەی "میترۆ"یان لێ دەردەچێت، باری ئابووری خەڵك و حکومەتەکەی ئەوەندەی خەڵك و حکومەتی کوردستان دەوڵەمەند و باشیش نیە، وەك و هەنگاریا و ئەرجەنتین و شیللی..هتد، "میترۆ"ش، بەناوی بیست و چوار شوێنی شارو ولاّتان دەردەچێت، بۆ نموونە" میترۆ ستۆکهۆڵم، میترۆ بۆستۆن لەئەمەریکا و میترۆ هۆنگ کۆنگ و میترۆ پڕاگ لە چیك" کە سەرجەمی ئەمانە لە "15"ولاّتدا دەردەچن، چوار لەم ولاّتانە لە ئەمەریکای باشوور و باکوورن، یەکێکشیان لە کیشوەری ئاسیا "هۆنگ کۆنگ"ە، ئەوانی تریش لە ئەوروپا دەردەچن، بیرۆکەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ رۆژنامەنووس و دیزاینەر" پێللێ ئەندرسۆن" لەساڵی 1973ز کاتێك خوێندکار بووە لەبەشی راگەیاندنی زانکۆی ستۆکهۆڵم، ماموٚستاکەیان لە وانەی"ئابووری رۆژنامە" دەپرسێت، ئایا داهات و دەستکەوتی رۆژنامە بە ئابوونەی خوێنەر یان رێکلامەوە دەبێ؟ خوێندکارێکیش دێتە وەلاّم و دەڵێت: 70٪ داهاتی رۆژنامە بەرێکلام دەبێت، خوێندکارێکی تریش دەڵێت: گەر وابوو بۆ رۆژنامە بەخۆڕایی نەبێت. لێرەدا "پێللێ ئەندرسۆن" ئەمەی دەخزێتە بیرو تاوەکو لە 1995/2/13 ز، لە ولاّتی سوێد لەشاری ستۆکۆڵم یەکەمین ژمارەی" میترۆ ستۆکۆڵم" دەردەچێت، ئەمەش لەژێر سەرپەرشتی و دیزاین کردنی ئەمدابوو*، سەرباری ئەزموونی ئەم ولاّتانەش، دەبینین لەم جۆرەی بواری رۆژنامەگەریەدا کە رۆژنامەگەری"میترۆ"یە، چۆن پێشکەوتوو بووینە، کەچی تائێستاش ئێمە بیرمان لەوە نەکردۆتەوە کەوا ئێمەش رۆژنامەیەکی "میترۆ"مان پێویستە، لەوحاڵەتەشدا چیتر خوێنەران و رۆژنامەنووسان گلەییان نەمێنێت، لەسەر نرخی رۆژنامەو گۆڤارو پاشکۆکانیان و نرخەکانیشیان ئەوەندە کاریگەر نەبێت بەسەر باری ئابووری، خوێنەر، رۆژنامەی میترۆ "بەخۆڕایی" لەپانزە دەوڵەت دەردەچێت و نزیکەی" چواردە ملیۆن و نیو" خوێنەری هەیە لە جیهاندا، بۆ نموونە ولاّتێك وەربگرین لەوانەی رۆژنامەی "میترۆ" دەردەکەن، ولاّتی سوێدی پێشەنگ لەدەرکردنی رۆژنامەی میترۆ و لەشاری "ستۆکهۆڵم" کە بەناوی "میترۆ ستۆکهۆڵم" هەموو بەیانێك دەردەچێت و لەشوێنەکانی گشتی و شەقامەکان و رێگاکانی هاتوچۆو بازاڕەکان ئامادەیەو بەخۆڕایش دابەشی سەر خوێنەران دەکرێت و تەنیا "25" رۆژنامەنووس وکارمەندی راگەیاندنی پرۆفێشناڵ، ئەم رۆژنامەیە بەڕێوە دەبەن و دەریدەکەن و "30–40" لاپەڕەشە، ئەمە نموونەیەکی زیندووی ئەم کارەی






ڕۆژنامەگەریی"میترۆ"یەو، تا زووشە با ئێمە ئەزموونی کاری ئەمانە بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی بێنین و وەربیگرین و سەیری ئەم ڕۆژنامەنووسانە بکەین، کە لە ڕۆژنامەکانی" میترۆ" کاردەکەن و لەولاتە جیا جیاکانی دونیادا، کە سەرباری کەمی کات چۆن بە کەمی ژمارەی ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی و چاپخانەکانیان، ڕۆژنامەیەکی پرخوێنەرو ستاندار بەخۆڕایی دەردەکەن، بۆ بەڵگەش تەنیا لەناو شاری"ستۆکۆڵم" ڕۆژنامەی"میترۆ ستۆکۆڵم" نزیکەی "یەك ملیۆن ونەوەدو چوار هەزار" خوێنەری هەیە، با ئەم ئەزموونەی ئەوان و هەوڵ و تێکۆشانی خۆمان و مێژووی پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری کوردیش، بەیەکەوە ببێتە کارێکی داهاتووی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کوردی، لەلایەکی تریشەوە هاوکاری کەرتی تایبەت و حکومەتی کوردستان،




دەستەبەر بکرێت بۆ دەرکردنی ئەم جۆرە ڕۆژنامە نێودەوڵەتییە، لە چوارچێوەیەکدا کە شێوەیەکی یاسایی و ڕۆژنامەگەریانەی سەردەمانە وەربگرێت و ئەمەی بۆ بکرێت، لەهەمان کاتیشدا ببێتە بناغەیەك بۆ بەپتەوکردنی ڕۆژنامەوانی کوردی و ستانداربوونی ڕۆژنامەگەری کوردیش بۆ ئاستەکانی بەنێودەوڵەتی بوونی و هەتا کاریگەریش دروست بکات لەسەر ڕۆژنامەگەری ولاتانی دراوسێدا. ئەمەش بەگریمانەی ئەوەی کە "ڕۆژنامەیەکی "میترۆ"مان دەرکرد لەکوردستانی عێراقدا، چ لەسەر ئاستی کوردستان و شارە گەورەکان و شارۆچکەکانیش بێت، کارێکی پربایەخە کە پێشکەشی ڕۆژنامەگەری سەردەمیانەی کوردی دەکەین، پێویستە ئەوەش بزانین هەنگاوی یەکەم لەم چەشنەی ڕۆژنامەگەری ئەوروپیداو هێنانی بۆ باشووری کوردستان، هەنگاوێکی کاریگەر دەبێت لەبواری پێشخستنی ڕۆژنامەگەری لەناوچەکەداو دەبینە دامەزرێنەری ڕێڕەوی ئەم چەشنە ڕۆژنامەگەریە لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. لە هەمان کاتیشداو لەبوارەکانی زمان و کولتورو رۆشنبیری و ئابووری و بازرگانی کوردی زیاتر بەسەر ناوچەکەدا بلاودەبێتەوەو زمان و فەرهەنگ وکولتوری ڕۆژنامەگەریشمان ئەو سانسۆرانەی لەسەر لادەچێت و دەبێتە نوێکارێکی ڕۆژنامەگەریانە لە ڕۆژهەلات بەگشتی.

*بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە1450-1500، ن/دکتۆر مەغدید سەپان،2005 هەولێر، ل182_190 .چ1

mohammad_soran@yahoo.com

# ئایا نامۆیی گۆڕانکاری لە ستایلی ژیانی گەنج دەکات؟!

ستایلی دووەم



یوسف عوسمان حەمەد *
دەینووسێت

**ئەوەی** مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە، بریتییە لەعەقڵێکی بیرمەندانە، کە بەردەوام گەشەی فکریی و مەعریفەی خۆی لەڕێگای بیرکردنەو ئەزموون و فێربوون لە کەسانی تر دەکا. تاك لەکۆمەڵێك یاخود زنجیرەیەك غەریزەی سەرەکی و ناوەندی پێك هاتووە، کە هەندێك لەو غەریزە نەویستراوانە ناتوانرێت سەرکوت بکرێن، یاخود وازی لیٚ بهێندرێت، دەبیٚ تێر بکرێت وەکو خواردن و نووستن و سێکس، بەڵام هەندێك غەریزەی تر هەیە بەپێی کات و شوێن و هەڵوێستی داواکردنەکە، لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت، بەڵام فراوانترینیان لەمرۆڤدا بریتییە لەغەریزەی کۆمەڵایەتی بوون و خۆشەویستی و پەیوەندی کردن بەکەسانی تر، ئەمەش چ لەڕێگای پەیوەندیی گرووپی و هاوڕێیەتی بێت، یاخود یانە وەرزشیی و هونەرییەکان، یانیش شوێنەکانی کارکردن. بێشك کاتیٚ مرۆڤ لە ژینگەی خۆی گەشەدەکات و گەورە دەبێت، ئەوا کولتوورو داب ونەریت و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ئینتمای فکریی، کار لەپێکهاتەی کەسایەتی ئەو کەسە دەکەن و ستایلی ژیانی دیار دەکەن و دەبێتە بەشێك لەو کۆمەڵگایە. کاتیٚ قبوڵی ئەو کۆمەڵگایە ناکات، ناتوانێت لەگەڵ دروشم و سیستەمە کلاسیکییەکانی ئەو کولتورە بگونجێت، بەردەوام لەبەرامبەری دەوەستێت یاخود کەسێکی دوور دەبێت لێی، کە پێی دەگوترێت کەسێکی نامۆی کۆمەڵایەتی. لەبەرئەوەی گەنج هێزێکی کاریگەرە لەسەر کۆمەڵگاو زیاتر توانای گونجاندنی هەیە، چونکە لەهەموو توێژەکانی تر کاریگەری لەسەرەو ئەکتیڤ ترە، بەڵام لێرە دەروونزانەکان شرۆڤەی ئەو حاڵەتە دەکەن، کە ئەو کاریگەرییەی لەسەر گەنجە بەبیٚ بیرکردنەوەو لێکدانەوەی هزریی، کارێکی سلبییە، یاخود لاسایی کردنەوەی دایك و باوك و باپیران و کولتوری کۆمەڵگا بەبیٚ بیرکردنەوەو هەڵسانگاندنی کارەکان تەنها بۆ ڕەزامەندی دەوروبەر، یاخود خوێندەوەی ئەو کەسە لەناو پێوەری کۆمەڵگا ئەوە کارێکی سلبییە، لاوازی کەسایەتی ئەو تاکە دەگەیەنێت، کە خەسڵەتی نامۆبوونەو گەنجی ئازادو سەربەخۆ بەردەوام ڕەتی لاساییکردنەوەی بەبیٚ لێکدانەوەو هۆشیاری دەکات، چونکە مێژووی گەنج لەخودی خۆیەوە دەست پێدەکات، واتە ئەو دەبیٚ مێژوویێك تۆمار بکات، تا چەند دەتوانێت خودی خۆی ئازاد بێت، جەستەو فکر ئازادبن و بتوانێت ڕێڕەوی ژیان بگۆڕێت، چاکترین شت ئەوەیە کە گەنج خودی خۆی بگۆڕێت، هەر ئەو گۆڕانە ببێتە کولتورو ڕۆشنبیرییەکی نویٚ و کاریگەر، واتە بەکۆمەڵایەتیکردنی چالاکییەکانی گەنج بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵگا، بەڵام ئەگەر گەنج لەنێوەندی ئەو داب و نەریتە کۆنە توایەوە، ئەوا هەر بە بەستەڵۆکی کەسایەتی دەمێنێتەوەو بەرەو نامۆبوون دەچێت.. چونکە گەنجی کارا عەقڵی خۆی بەکاردەهێنیٚ بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵبژاردنی ڕێگایەکی دروست لەژیان، واتە هەریەکەو فەلسەفەیەکی تایبەتی هەیە لەژیان، چونکە هەر ئەو فەلسەفەیە دەتوانیٚ ئینتمای فکریی و ڕۆشنبیری دیاری بکات.

هۆشیاری ئایینی زۆر، دەبێتە هۆی گرفت لەبەرامبەر داخوازیەکانی گەنج، ئەو ململانیٚ یە دەبێتە پاشەکشێی گەنج لەبەرامبەر پێوەرەکانی کۆمەڵگا، لەهوشیاری خودی گەنجدا ئەو پرۆسەیە بەزەحمەت هەزم دەکرێت و تووشی ململانێی دەروونی دەبێت، لەبەرامبەر شك و گومان لەبەرامبەر بوونی خۆیدا، واتە گومانکردن لەدروست بوون و بەکۆمەڵایەتی بوونی خۆی، ئەمەش بەشێوەیەکی بیٚ بیرکردنەوەو لێکدانەوەی هزری ئاین، وەکو لاسایی کردنەوە وەردەگرێت، واتە کەسێکی ئەکتیڤ نابێت، یاخود لاساییکردن دەبێتە بەشێك لەخەسڵەتی نامۆیی لەتەمەنی گەنج، کە هەموو شتەکان بەپێی پێوەری کۆمەڵگا وەردەگرێت، نەك بەپێی پێوەری لێکدانەوەی هزری خۆی، بۆیە بە بچووکترین پرسی کۆمەڵایەتی ئەو ئینتمایە ڕەت دەکاتەوە، تەنها لەقاڵبێکی بچووك دەژێت و تەنهایی پێناسە دەکات، ئەمەش گەورەترین ململانێی نێوان منی باڵاو ئەوی کەمایەتییە لەکەسایەتی تاکدا..

ڤەژین

# گەندەڵیی و عورف و عادەت

**عورف** و عادەت، بریتین لەو ڕەفتارانەی کە لەلایەن زۆرینەی کۆمەڵگایەکی تایبەت پەیڕەو دەکرێن و پەیوەست نین بە ڕێبازێك، یان ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو، سەرچاوەی ئەم عورف و عادەتانە تاکێکی کۆمەڵە و لەزۆربەی بارەکاندا سەرۆك و باڵادەستەکانن، ئەمەش وادەکات زۆر شتی نامۆ بە کۆمەڵگا، بەماوەیەکی کەم جێگیر بێت و ببێتە عورف، لە شتێکی شەرم و نەنگیەوە بگۆڕێت بۆ کارێکی بوێرانە و ئازایانە، ڕەنگە ئەم گۆڕانە ماوەیەکی زۆری بوێت، چونکە ئەستەمە مرۆڤ لەماوەیەکی کەم هەموو بیرکردنەوەکان و ڕەفتارەکانی بگۆڕێت، بەڵام هەرکە گەیشتە قۆناغی عورف و عادەت ئیتر کارەکە زۆر ئاسایی دەبێت، تا ئەو رادەی ئەو کەسانەی پەیڕەوی نەکەن بەنامۆ و بەدمۆڕالی ناو ببرێن! ئەو کاتەش دووبارە گۆڕینەوەی ئەم عورف و عادەتانە زۆر لەجاری یەکەم ئەستەمتر دەبێت، چونکە عورف و عادەت پایەی پیرۆزی خۆی هەیە و ناکرێ بە ئاسانی بگۆڕدرێت، هەر لەبەر ئەمەشە ئایینەکان دوورو نزیك باسیان لەگۆڕینی ئەم عورف و عادەتانە نەکردووە. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەکوردستاندا عورف و عادەت کەوتوونەتە بەر شەپۆلێکی گەورەی گۆڕانکاریانەکان، بێ تێفکرین لەسەرچاوە و چۆنیەتی گۆڕانەکان، هەڵبەتە ئەم ڕەفتارانەش زیاتر دەبنە عورف و عادەت، ئەگەر لەلایەن لێپرسراوو کاربەدەستان پەیڕەو بکرێن، چونکە هەر وەك عەرەب دەڵێت(الناس علی دین ملوکهم).

ئەگەر لەکوردستاندا یاساشکاندن لای بەرپرسێك مافێکی سروشتی خۆی نەبێت، هەرگیز هاوڵاتییەك ناتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەگەر بەتاڵانبردن و دزینی سامانی وڵات کەسابەتێکی حەڵاڵ بێت بۆ بەرپرس، ئەوا هاوڵاتی پێی شانازییە لاسایی گەورەکەی بکاتەوە! ئەمەش وایکردووە ئەوەی جاران پێی دەگوترا دزین و بە تاڵانبردنی سامانی وڵات، ئیستا پێی بگوترێ گەندەڵیی، ئەوەی جاران پێی دەگوترا گەندەڵیی ئیستاکە ببێتە عورف، لەو وڵاتێکیشدا کە خنکاوی بەتاڵانبردن و گەندەڵییە عورف و عادەتەکان زۆردەبن!

ئەم عورف وعادەتە نوێیانە ساڵانێکە ڕەگیان داکوتاوە، ئەستەمە بە ئاسانی دەستبەرداریان ببین، بەتایبەتی کاتێك لەلایەن گەورەکانمانەوە پاساو و پشتگیری دەکرێن، رۆژ بەڕۆژیش گەندەڵیی نوێ شوێنی عورفێکی کۆن دەگرێتەوە .

گەورەکانمان ئەوەندە شارەزایی بنەماکانی سایکۆلۆژییان دەزانن، پاداشت ڕێژەی دووبارە بوونەوەی کارەکە زیاتر دەکات و خەڵکی تریش بۆ هەمان کار هان دەدات، بۆیە دوای هەر گەندەڵییەك تۆمەتباران پلەیەك بەرزتر دەکەنەوە، بەم ڕەفتارەش چەند ئامانجێك دەپێکن، لەوانە شیرینکردنی کارێکی دزێو، تاکو بەزووترین کات ببێتە عورف، دووەم تێوەگلانی میللەتێکە لەگەندەڵیی، سێیەم تێگەیاندنی خەڵکە کە تەنها ئەم کارانە دەبنە مایەی پلەو پایەو دەوڵەمەندیی. ئەگەر کار بەم ئاراستەیە بڕوات ئەم وڵاتە دەبێتە گەندەڵستان، لەگەندەڵستانیش گەندەڵیی لەهەموو یاسایەك بەرزترە.





د. ڕێدار محەمەد ئەمین
دەینووسێت

گۆشەیەکە دەربارەی
سایکۆ سۆسۆلۆژیا*

تشرینی دووەمی
2006

# راهاتن وەك فاكتەرێكی حەلاَلْ كردن

## "كۆمەڵگەی كوردەواری وەك عەینەیەك"

## (پۆشاك و مۆدێلی كۆمەلآیەتی)

لێتوێژینەوەی:
ستار باقی كەریم

(4 -3)



كاتێ باس لەپۆشاك دەكرێت، گومانی ناوێت كە دەبێت بگەڕێینەوە سەر كولتووری نەتەوەی مەبەست و باسكراو، لێرەشدا ئێمە مەبەستمان كۆمەڵگای كوردەوارییە، كە سەرباس و بنباسی توێژینەوەكەمە. دیارە كولتووریش لەسادەترین پێناسەكانی خۆیدا، هەردوو رەگەزە سەرەكیەكەی (ماددی و ئایدیالی) لەخۆ دەگرێت. مۆدێل ئەگەرچی لەخانەی پێكهاتە یەكەمینەكانی كولتوورەوەیە لێرە، كە خۆی لەژێرخانی كۆمەڵگە دەبینێتەوە، بەلآم من پێم وایە پۆشاك و مۆدێل بەردەوام پەیوەست دەبن بەچەندێتی و چۆنیەتی وەلآمی ئەم كۆمەڵگەیە، كە ئەوەشیان واتایەكی ئایدیالی دەدات بەدەستەوە، واتە چەندێتی پێشوازی خەڵك لەم پۆشاك یا مۆدێلەی، كە دەیەوێت خۆی لەنێو ئەم كۆمەڵگایەی ئێمە نمایش بكات، چونكە ئێمە كۆمەڵگایەكی تەقلیدی تەلقینین، واتە بەردەوام بەقسەی "ئەوانیتر" كاریگەر دەبین، ئەم ئەوانیترەش خۆیان لەدەسەلآت بەدەستانی ئایینی، جا چ (موسڵمان، مەسیحی یا ئێزدی یا.....) بێت دەبینێتەوە. ئاشكراشە ئێمەی كورد كە زۆرینەمان موسڵمانین و ئەم ئایینەش پێی وایە، كە (كل بدعة ظلالة وكل ظلالة فی النار)ە، بۆیە قسەكردن و داهێنانی هەر نوێكارییەك، شتێك لەم بۆچوون و لێكدانەوەیە هەڵدەگرێت. جا لەم سۆنگەیەشەوە كاتێ سەیری رابردووی مێژوویی ئەم كۆمەڵگەیە دەكەین، هیچ كاتێك بەقەد ئەم چەندان ساڵەی دوای راپەرین، خێرا بەقۆناغەكانی پۆشاك و داهێنان تێنەپەڕیوە، هۆیەكەشی زۆرە، كە من بەپێویستی نازانم لێرەدا باسی ئەم هۆكارانە بكەم، بەلآم سەرەتا پێم باشە بزانین مۆدێل مانای چیدەدات، دیارە لەسادەترین پێناسەیدا مۆدێل بریتیە لەوەی، كە (لاییبێری) گەورە زانا پێناسەی دەكات، كە پێی وایە مۆدێل( نموونەی چەندین ئاكاری كاتیە).

(رالف تێرنەرو لویس كلیان)یش دەڵێن( مۆدێل ئەو پرۆسەیەیە، كە گۆڕان بلأودەكاتەوە، چونكە جاران هەندێ جل و بەرگ بەلای خەڵكەوە جوان و شایستە بوون بۆ پۆشین، بەلآم بەتێپەڕبوونی كات، هەروەها گۆڕانی زەمەن و شوێنەكەیان، هەمان جل و بەرگ سەردەمیان بەسەردەچێ و هیچ ڕەونەق و جوانییەكیان لەچاو سەردەمی كۆنی خۆیان بۆ ئێستا پێ نامێنی)، ئێستا تێگەیشتین كە مۆدێل هەم فاكتەرەو هەم ئەنجامێكی گۆڕانی كۆمەڵگایە، بۆیە ئێمەش باسی چەند ساڵ لەمەوبەری ئەم كۆمەڵگایەمان كرد، چونكە لەدوای راپەڕینەوە باشترین و خراپترین جۆرو شێوازەكانی مۆدێل لەنێو ئەم كۆمەڵگایە تاقیكراونەتەوە، كە زۆرێك لەوانە مەترسیشیان بۆ سەر هەست و سۆزی نەتەوەیی كورد، هەروەها داهاتووی بەشێكی كولتووری ئەم كۆمەڵگایە دروست كردووە، بۆ نموونە لەباری ئێستا لەشارێكی وەكو هەولێر، چەندێكن ئەوانەی كە بەجل وبەرگی كوردەواری دەیانبینین، بەبەراورد بەو كەسانەی جل و بەرگی گشتی وەكو (پانتۆڵ، كاوبۆ ، سترێچ و.....)یان لەبەردایە، ئەوەیان بۆ؟ من پێم وایە "مۆدێل لەخۆیدا نوێكردنەوەی ژیانە، بەجوانی و ناشرینیەكانیەوە"جا ئەم كۆمەڵگەی ئێمەش لەمەوبەر هەرگیز جوانییەكانی بەم رەنگ و داهێنان و تەنانەت جۆرو شێوازانەوە نەدیبوو، بەلآم لەدوای راپەڕین بەلێشاو دەروازەی بۆ بازاڕە جیهانیەكانی مۆدێل بەچاك و بەخراپیانەوە كەوتە سەرپشت و كوردستان و كومەڵگەكەیشی بوونە گۆڕەپانی ساغكردنەوەی ئەم هەموو مۆدێلانە. بۆ ئەو مەبەستەش (ئیبن خەلدون) دەڵێ( كاتێ شەڕ لەنێوان دوو





نەتەوە، یا دوولایەن روودەدات، ئەوا دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ گۆڕینەوەی کولتووری‌و ئاوێزانبوونیان، ئەمەش دەبێتەهۆی گۆڕان)[1]، گەرچی سەرەتا لەڕێگەی گوتارە ئاینیەکانەوە هەوڵدرا ڕێگە لەبەردەم گۆڕانی کۆمەڵگەی کوردەواریی بگیرێت، لەڕێگەی مۆدێل‌و شتی ترەوە، کاتێ لەگوتارەکان پیادەکارانیان بەگومڕاو سەرلێشێواو تۆمەتبار دەکردو دەیانگوت ئەوەی خۆی بەکافر بچوێنێت وەك ئەوان کافرەو جێی دۆزەخە، لەیادمانە کاتێ لەسالآنی "نەوەدەکان" سەرەتای هاتنەوەو پۆشینی جل‌وبەرگی رۆژئاوایی لەم کۆمەڵگایەی ئێمە، لەلایەن زۆرێك لە مەلا و گوتاربێژانی مزگەوتەکان، فەتوای حەرام پۆشین‌و گوانحباریان دەرکردو لەم ڕێگەشەوە هەندێ لەخەڵکە هەوادارەکانیان کردە بەر رشتنی "مادەی تێزاب" بەو کەس‌و ژنانەی، کە ئەم جۆرە جل‌و بەرگانەیان دەپۆشی، بەڵام ئێستا کوا ئەم گوتارو هەڕەشەو فەتوایانە؟ ئایا ئێستا حەرام ماونەتەوە یا حەڵاڵ کراون؟؟ بەهەرحاڵ هەموو ئەوانە دەرئەنجامی گوشاری گۆڕان‌و نوێبوونەوەی مۆدێل‌و بەرهەمەکانیەتی، جا لەوەشیان پێی رازیبین یاخود ناڕازیی، ئەوە واقیعێکەو دەبێت ملکەچی بین، چونکە وەك (گابریل تارد) دەڵێ(هەموو رەگەزە مۆدێرنەکانی شارستانیەت لە ڕێگەی کەسانی ئەفرێنەر دائەهێنرێن‌و لەلایەن جەماوەریشەوە لاسایی دەکرێنەوە، بۆیە دەرکەوتنی ئاکاری کۆمەڵایەتی پێویست بەبوونی دوو پرۆسە دەکات، ئەوانیش پرۆسەی داهێنان‌و لاسایی کردنەوەیە لەلایەن جەماوەرەوە). گومانیشی ناوێت لاساییکردنەوە سەرەتای پرۆسەی گوناهبارکردنەکەی لەمەوبەرە، کە باسمان کرد، بۆیەش ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەو کەسانەی لاسایی غەیرە موسڵمان دەکەنەوە بەگوناهبارو بەلەڕێ لادەر لەپرنسیپەکانی ئیسلام دەدەنە قەڵەم. لەحاڵی ئێستاش کاتێ سەیری دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکەین دەبینین لەو شوێنانەی عێراق، کە تیرۆر تیایاندا هەڕەشە دەکات‌و بڵاوبۆتەوە، رۆژ نییە ژنێك یا لاوێك لەسەر پۆشینی جل‌وبەرگی نوێ‌و مۆدێلی تازە هەڕەشەیان لێ نەکرێ یاخود نەکوژرێن. دەبێ ئەوەش بزانین کە هەر ئاین‌و ئایدیۆلۆژیایەك لەگەڵ خۆی، مۆدێلێکی تایبەت بەخۆی دەهێنێت، ئەوەتا کە مەملەکەتی تاڵیبان لەئەفغانستان دروست بوو، بڕیاری نەهاتنە دەروەی ژنان بەگشتی‌و بێ پێچەکان بەتایبەتی دراو لەهەمان کاتدا بڕیاردرا، کە ئافرەت ئەو نیقابە بپۆشێت، کە ئایین خوازیاریەتی، هەروەها بڕیاردرا پیاوان دەبێت ڕیش بهێڵنەوەو سمێل بقاچن، چونکە داوایەکی ئاینینە، جا کاتێ ئەمریکیەکانیش  روویان کردە عێراق، جل‌و بەرگی سەربازیی عێراقی پێشوویان بەبیانووی بوونی سیمای دڕندەیی‌و خراپ بەکارهێنانی سوپا لەدژی خەڵکی عێراق قۆستەوەو لەبری ئەو، جل‌و بەرگی ئەمریکی، ئێستا کراوەتە جل‌و بەرگی رەسمی سوپاو پۆلیسی عێراقی هێنا، کە ئەوەش واتای داسەپاندنی مۆدێل دەدات لەڕێگەی شەڕو داگیرکاریەوە. جا بۆیە( ئەو کەسانەی کە بازرگانن، یەکەمین شتێك کە بیگوازنەوە سەر ڕۆشنبیری سوودمەند، ئەوا کەل‌وپەلی بازرگانییە، خۆ ئەگەر موژدەبەر بێت ئەوا بەهای ئایدیۆلۆژیای ئاینی دەگوازێتەوە، بەڵام داگیرکاری سەربازیی، بەهای ماددی‌و مەعنەوی لەیەك کاتدا دەگوازێتەوە) [3]. دەشێ بۆ روونکردنەوەی پتری ئەوەش نموونەی پۆشاك‌و مۆدێلی سەردەمی عوسمانیەکان بهێنینەوە، کاتێ هاتنە ناو عێراقەوە لەگەڵ خۆیان جۆرێك لەسیدارەیان کە ناوی (فێست) بوو کردە مۆدێل، هەروەها زاراوەی (ئەفەند)یشیان بۆی داتاشی، دکتۆر "عەلی ئەلوەردی"لەپەرتووکەکەیدا (دراسة فی طبیعة المجتمع العراقی) لێی دواوە. هەموو ئەوانە لەبەرچاومان روون‌و ئاشکران، بەڵام ئەوەی کە جێی پرسیارکردنە، نەمانی حەماسەتی گوتاری ئاینینە لەبەرانبەر جێبەجێبوونی ئەم خواستە دەروونیەی مرۆڤ ، چونکە مرۆڤ بەسروشتی خۆی حەز بەگۆڕان دەکات، جا زۆرینەی هەرەزۆری گۆڕانیش خۆی لەپیادەکردنی مۆدێل دەبینێتەوە. بۆیە راهاتن دایکی جێبەجێبوونەکانە، جا ئەم داوای جێبەجێبوونە هەرچیەك بێت .

1– خلدون، ابن خلدون ، مقدمة . ص147

2– الناطور، د.شحادة الناطور و د. احمد عویدات واخرون. مدخل الی تاریخ الحظارة. ص 14

3– الحسن . د. احسان محمد الحسن، رواد الفکر الاجتماعي ص45

Starbaqi2@yahoo.com

# لە ئاهەنگی بڵند عەبدوڵڵا

# بێ ڕێزی کردن بە کچان هەموو سنورێکی تێپەڕاند



کوردستان زرار

**مـن** نامەوێت باس لەناڕێکیو بچووکی هۆڵەکانی ناو شاری هەولێر بکەم، کە ئەمەیان گرفتێکی ئاشکراو زەقە، وەك زۆرێك لە کێشەکانی تر پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی هەولێر. ئەوەی من دەمەوێت لەنووسینەکەمدا باسی لێبکەم، چەند دیاردەیەکی ناشارستانیو نامرۆڤانەیە، کە لەناو هۆڵی میدیا ڕوویاندا، لە ئاهەنگەکەی هونەرمەند( بڵند عەبدوڵڵا)، کە بوونە مایەی بێزاریی بەشێ لەئامەدەبووانی ئاهەنگو بەڕێوەبەرانی ئاهەنگو مۆسیك ژەنو هونەرمەند خۆیشی. دەمەوێت باس لەوە بکەم کە ڕەگەزی مێ چۆن بێڕێزی پێکرا لەئاهەنگەکەدا، هەر لەتوانج هاوێشتنی ناشرینو تێگرتنی نیگای سێکسیو دەست لێدان. دیارە تا ئێستا کۆمەڵگای ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو باوەڕەی، کە ڕەگەزی (مێ) بۆی هەیە بەتەنیا دەربچێت، یان بەشداری بۆنەو چالاکیە ڕۆشنبیریو هونەرییەکان بکات. بۆیە ئەو کچانەی کە بۆ ئاهەنگەکە هاتبوون، بەناچاری شوانێك (ڕەگەزی نێر)یان لەگەڵ خۆیان هێنا بوو، بۆ ئەوەی بیانپارێزێت. منو خوشکەکانم پیاوێکمان لەگەڵ نەبوو، تا بمانپارێزێت. ئەمە بێگومان دوای دوودڵییەکی زۆر بڕیارماندا ئەگەر نێرێکیشمان لەگەڵ نەبێت ئاهەنگەکە لەدەست خۆمان نەدەین. بووین بەدووپۆل، کە هەر پۆلەو لەچەند کەسێك پێکهاتبووین. هۆڵەکە هێندە پڕبوو بەشێکی زۆری خەڵکی لەدەرەوە چاوەڕوان بوونو ڕێگایان نەدەدا بچنە ژوورەوە، بەڵام بینیمان ڕێگەی خێزانو ڕەگەزی مێ دەدەن، چونکە ژمارەیان هێندە زۆر نەبوو، بۆیە بڕیارماندا بەنێو دونیایەك لە نیگای ناشرینو تەعلیق لێداندا تێپەڕین. دیارە بەخت یاوەرمان بوو، هیچ دەستێکمان بۆ نەهات، کە لەمەش هەم تەمەنمان هەم دەمو چاومان، کە پڕمانکردبوو لەگرژیو مۆنی تا هەندێك سڵمان لێبکەنەوە، یارمەتییان داین بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بگەینە ناو هۆڵ، کە چووینە ژوورەوە بینیمان هۆڵەکە لێی دەڕژا، ناچار لەپشی پشتەوە لای گرووپی وێنەگران، تێکەڵ بەو کچانە بووین، کە دیاربوو ترسیان لێ نیشتبوو لەو حەشامەتە گەنجە سەرکێشو موشاغیبانە. بەڕاستی هەڵسوکەوتیان زۆر سەیر بوو، وەك بڵێی تازە لەزیندان بەربووبنو ڕژابنە سەر شەقام، هەرکەس لەشوێنی خۆی هاواری دەکردو بەیەکەوە گۆرانییان دەگوت: (ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی...) بەردەوام لەسەرەوە، فلتەرو پاشماوەی جگەرە دەهاتە خوار، لەخوارەوەش بوتڵی ئاویان بەهەوادا هەڵدەداو بەسەری خۆیاندا دەکەوتنەوە خوارێ. ڕاستی من لەم ئاهەنگە بۆم دەرکەوت، کە گەنجی ئێمە تەنها لەڕووی ڕوخسارو جل وبەرگەوە گۆڕاون، سەکسووکە دادەنێن و قژ درێژ دەکەنو زنجیرو بازن ئەکەنە دەستیان، بەڵام ئامادەنین بەشێك لە هەڵسوکەوتو مامەڵەو تێڕوانینیان بگۆڕنو کەمێك بەچاوی ڕێزو مرۆڤدۆستییەوە، بڕواننە بەرامبەرەکەیان، بەتایبەت ڕەگەزی مێ. لێرە من دەمەوێت بچمە سەر ئەو بێڕێزییەی لەئاهەنگەکەدا بەڕەگەزی مێ کرا. بەشێکی زۆری ئەو کچانەی هاتبوونە ئاهەنگەکە، لەکاتی هاتنە ژوورەوەیان بۆ نێوهۆڵ، سەرەڕای توانج و قسەی ناشرین، کەچی بەشێوەیەکی نائەخلاقیو نامرۆڤانە دەستیان بۆ بردبوون. من بینیم هەندێ لەو کچانە لەژێر ترسو تەنگ پێهەڵچنینی ئەو گەنجانە دەیان قیژاندو هاواریان لێهەڵدەستا. لێرە دەمەوێت دەستخۆشی لەیەکێك لەو کچانە بکەم، کە بەهەموو هێزی خۆی شەقێك لەبناگوێی ئەو کوڕە هەڵدەدات، کە دەستی بۆ درێژ کردبوو، لەگەڵ ئەوەی پێویستە هانی کچانی تریش بدەم بۆ ئەوەی پارێزگاری لەخۆیان بکەن، ئەگەر دەستدرێژیی کرایە سەرجەستەو دەروونو کەسێتییان. هەر لەوێ یەکێك لەو کچانە هەموو هێزی کۆدەکاتەوەو ئەوەی دەستی بۆ دەباتو هەموو ئەوانەش کە لەوێ وەستابوون، پڕ جوێن دەکات. وەك خۆی کە بەدەنگێکی پڕ لەفرمێسكو تووڕەییو خۆشحاڵییەوە دەیگێڕاوە، تاساندبوونی. ئەو کارەی ئەم کچە کردبووی هەستی بە مورتاحییەکی زۆر کردبوو، وای دادەنا تۆڵەی خۆیو ئەوانی تریشی کردۆتەوە، بەڵام ئایا بەمە ئەم گرفتە یان ئەو ڕەفتارە ناشرینەی ڕەگەزی نێر بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ کۆتایی دێت؟ ئەمە وادەکات کوڕان واز لەم دیاردە ناشرینە بێننو چیتر(تحرش) بەڕەگەزی مێ نەکەن. بەداخەوەو بەدڵنیاییەوە دەڵێم نەخێر. تاکو ئێمە خاوەنی ئەم کولتوورە ڕزیوو چەقبەستووە بین، کە هەمیشە تاکی نەخۆشمان بۆ بەرهەم دێنێ. ئەوەتا کوڕانمان بەدەست لێدانی کچان دەیانەوێت حەزو ئارەزووەکانیان دابمرکێننەوە، بەبێ ئەوەی هیچ سزایەکی کۆمەڵایەتی چاوەڕوانیان بکات، بۆ ئەوەی سنووری ئەم دەست بۆ بردنو هێرشکردنەی کوڕان دەیکەنە سەر جەستەو دەروونی ڕەگەزی مێ دیاری بکات. لەبەرئەوەی ڕەگەزی مێ لەڕوانگەی ڕەگەزی نێرەوە، پارچەیەکە لەسێکس، ئەوەش ئەو سنوورو بەربەستە کۆمەڵایەتیو کولتورییانە دروستی کردووە، کە ڕێگرن لەبەردەم بەیەك گەیشتنو پەیوەندی هاوڕێیەتی نێوان کچانو کوڕان، دروست کردنی پەیوەندییەکی مرۆڤانە، کە ئیتر ڕێزگرتنو شێوازی مرۆڤانە لەمامەڵەو گفتوگۆکردن، شوێنی خۆ لێخشاندنو تانەو تەشەر تێگرتنو دەست لێدانو نقورچ لێگرتن بگرێتەوە، دیارە تاکی نێر بەحوکمی ئەو دەسەڵاتە زۆرو فراوانەی پێیبەخشراوە، هەروا ئەو ئازادی قسەکردنو مامەڵەو

هەڵسوکەوتەی پێیدراوە بەکاریدەهێنێت، هەندێ جار لە شتی باش و هەندێ جار لە شتی خراپ. ئەوەی پەیوەندی بە نووسینەکەی منەوە هەیە بریتیە لەبەکارهێنانی ئەو ئازادی و دەسەڵاتە، لە هەڵسوکەوت و دیاردەی ناشارستانی و نامرۆڤانە، بۆ نموونە لەتوندوتیژی بەرامبەر ڕەگەزی مێ و تەشقەڵەکردن بەڕەگەزی مێ، دروستکردنی فەوزا وەك ئەوەی لەئاهەنگەکەی (**بڵند عەبدوڵڵا**) ڕوویدا. دەمەوێت لێرە بچمەوە ناو هۆڵی ئاهەنگ و باسی ئەو فەوزایەتان بۆ بکەم، کە بووە هۆی تەواونەکردنی ئاهەنگەکە، بێگومان ئەو هاتوهاوارەی ناو هۆڵ بووە هۆی ئەوەی ئاهەنگەکە زۆر درەنگتر لەوادەی خۆی دەست پێبکات. دیاربوو هونەرمەندو بەڕێوەبەرانی ئاهەنگ چاوەڕێبوون جەماوەر ئارام ببنەوە، بەڵام جەماوەر یا باشترە بڵێم کوڕان، چونکە فەوزاکە ئەوان دروستییان کردبوو، سوێندیان خواردبوو، کە بێدەنگ نەبن. پێشکەشکار داوای ئارامیی هۆڵەکەی دەکرد، بۆ ئەوەی ئاهەنگەکە دەست پێبکات، کەچی سوودی نەبوو. چەندین جار داواکەی دووبارە کردەوە و هەر سوودی نەبوو، بۆ ئەوەی تووشی شەرمەزارییان بکات، دەیگوت: بەڕێزان بێدەنگیتان نیشانەی شارستانی بوونمانە، کەچی هەر بێدەنگ نەدەبوون. پاشان بەدەنگێکی پڕ لەتووڕەیی و پاڕانەوە گوتی: بەڕێزان هونەرمەند چەند میوانێکی لەگەڵدا هاتووە بۆ ئەوەی تێڕوانینی خراپ لەسەر ئێمەو ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاریمان وەرنەگرن، پێویستە ئارام بن، بەڵام هەر سوودی نەبوو، بەڵکو زیاتر ڕەفتاری ناشرینیان نواندو هاواریان لەپێشکەشکار دەکرد دانیشە دانیشە. دیارە پێشکەشکار دەیزانی سوودی نابێت، بۆیە بەخێرایی وتەکانی خۆی تەواوکرد. دوای ئەوە هونەرمەند هات، ئەمیش دوای تکاو رجاکردن لەجەماوەر بۆ ئەوەی ئارام بن، تاکو بتوانن چێژ لەگۆرانیەکان وەرگرن و ئەویش بتوانێت گۆرانی بڵێ، هەرچۆنێك بێت بەگۆرانییەکی هەڵپەڕکێ دەستیپێکرد. گەنجان هەستانە سەرپێ و چوونە سەرکورسییەکان و دەستیان بەهەڵپەڕین کرد، بێئەوەی حسابی ئەوە بکەن لەپشتەوە خەڵکانێك هەن دەیانەوێت هونەرمەند ببینن. بەو شێوەیە هەرایەکی زۆر ناو هۆڵەکەی پڕکردبوو، دیاربوو نەپێشکەشکارو نەمۆسیکژەنان و نەبەڕێوەبەرانی ئاهەنگ، نەیانتوانی کۆنترۆڵی ئەم وەزعە بکەن، بۆیە ئاهەنگەکەیان کۆتایی پێهێنا. بینیمان هەر گرووپێك لەکچەکان لە سووچێك دا، چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کوڕەکان بڕۆنە دەرەوە، ئینجا ئەوان وەڕێکەون. هۆکاری ئەمەش ئاشکرایە، بۆ ئەوەی دووچاری مامەڵەی ناشرینی وەك سەرەتای هاتنیان بۆ ئاهەنگەکە نەبنەوە. لێرەدا چەند شتێکم بۆ دەرکەوت:

– لەگەڵ گۆڕانی سەردەم، گەنجان(ڕەگەزی نێر) فێری زۆر شتی جوان و نوێ و گونجاو بوونە، بەڵام تا ئێستا فێری شێوازی چوون بۆ ئاهەنگ و چێژ وەرگرتن لەهونەر نەبوونە.

– ئەو گۆڕانەی لەگەنج ڕوویداوە، گۆڕانە لەڕوخسارو لایەنەکانی جوانکاریی، هەرچی هەڵسوکەوت و جۆری مامەڵەو ڕیزگرتنیانە لەبەرامبەر ڕەگەزی مێ نەك نەگۆڕاوە، بەڵکو گەنجی ڕابردوو لەمەدا باشتربوونە.

– ئەو ئازادییەی گەنجی نێر لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارو هاتن و چوون و پۆشاك، بۆ خۆی پێی ڕەوایە، بۆ ڕەگەزی مێ بەڕەوای نابینێ، ئەوەتا لەجادەو کۆڵان و بازاڕو ئاهەنگەکان تەحەروش بە



ڕەگەزی مێ دەکەن، وای لێ دەکەن کە ئیتر پەشیمان بێتەوە لەوەی، کە جورئەتی بەخۆی بەخشیوە و هاتۆتە دەرەوە، یاخود بەشداری ئاهەنگ، یان چالاکییە هونەریی و ڕۆشنبیرییەکان بکات.

– بەشێکی زۆر لەگەنجی ئێمە بەدەست نەخۆشییێکەوە دەناڵێنێت، کە ڕادەی داخراوی و توندی داب و نەریتە عەشایەرییەکان پیشان دەدات. گەنجان بەهەردوو ڕەگەزەوە نێرو مێ لەوە مەحرومن، کە ئازادانە تێکەڵ بەیەکتر بن و پەیوەندی هاوڕێیەتی یان سۆزداری و خۆشەویستی ببەستن، کە ئەو کات ڕەگەزی مێ ناکەوێتە بەرهێرشی هەڵسوکەوتە نەخۆش و نائەخلاقییەکانی ڕەگەزی نێر، ڕەگەزی نێریش ناچار نابێت بۆ دامرکاندنەوەی حەزو سۆزە کپکراوەکەی هێرش بکاتە سەر جەستەو دەروونی ڕەگەزی مێ.

لەکۆتاییدا دەڵێم، کاتی ئەوە هاتووە خێزان و قوتابخانەو ناوەندە ڕۆشنبیری و ئایینی و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن، پەروەردەیەکی یەکسان و مرۆڤانە پێشکەش بەتاك بکەن و فێریان بکەن وەك دوو مرۆڤی یەکسان لە (بەهاو ماف و خواست و ئارەزوو) لەیەکتر بڕوانن، ڕێگەیان بدەن کە پەیوەندی هاوڕێیەتی و مرۆڤ دۆستانە ببەستن لەگەڵ یەکتر، بۆ دوورکەوتنەوە لەو هەڵسوکەوتانەی، کە ڕەگەزی نێر وەك کەڵەباب نیشان دەدەن، کاتێك مریشك دەبینێ لەهەر شوێن ومال و کۆڵانێك بەسەریدا دەنیشێ. ڕەگەزی نێر بە وێنەی کەڵەباب، ناتوانێت بەرامبەر ڕەگەزی مێ کۆنترۆڵی خۆی بکات و بە هەرشێوەیەك بێت، دەیەوێت دەسەڵاتێك کە کولتورو دابی کۆمەڵایەتی پێداوە، بیسەپێنێتە سەر ڕەگەزی مێ، هەر لە سەپاندنی ڕاو بڕیارو هەڵبژاردنی تاك لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە لەچوارچێوەی خێزان، تاکو بێڕێزی پێکردنی و بێبەشکردنی لە مافەکانی و مامەڵەی توندوتیژو جیاکاری لەبواری کارکردن و دابەشبوونی کارو پۆست و دەسەڵات و سامان و خاوەندارێتی، هەتا کەم کردنەوە لەئاستی مرۆڤایەتی و بێڕێزی پێکرنی لە کووچەو کۆڵان و بازاڕو بۆنەو ئاهەنگەکان، بەڵام خۆ دەبێت مرۆڤ و ئاژەڵ زۆر جیاوازبن لەیەکتر، تا بتوانن بەرامبەر یەکتر کۆنترۆڵی خۆیان و کۆنترۆڵی تووڕەیی و هەست و ئارەزووەکانیان بکەن و مرۆڤانە مامەڵە بکەن لەگەڵ یەکتردا. .

# کوردستانێکی پڕ له پیاوماقووڵ و ژنی ناماقووڵ



## دایکی مێرخاس*

**دووبارەبوونەوەی** هێندێك نەریتی كۆنی دواكەوتوو له كۆمەڵگەی كوردەواریی، دەبنه مایەی بێتاقەتی و تاڵی دەبەخشێته ژیان، گوایه شنەبای دیموكراسی لەم چەرخ و سەردەمه ئەخوازێ دڕك و داڵی نێو هزری كۆنەپەرست و ستەمكاران رابماڵێ و ژیانێكی تژی نوێخوازیی بەرووناكی رۆشن بكاتەوه.

كەچی تازه بەتازه و بەشێوەیەكی ئەكتیڤیانه و دوور له شەرم، دەسەڵاتی كوردی بەهەردوو باڵیەوه ئەشێ بڵێم خێرنەخوازان، لەململانێدان بۆ زیندووكردنەوەی دیوەخانی پیاوماقوولاَن.

كام پیاوماقووڵ؟ ئەوانەی تا دوێنێ بۆیان كراوه بەشێوازی جیا جیا لەخزمەت داگیركەران و بناخەدانەری پاشڤەرۆیی دوژمنان بوونه؟

ئەوانەی بەیەكەم هێڵی بەرگریكردن لەكولتورێك ئەناسران، كه ئافرەتیان ناچار ئەكرد بۆ پابەندبوون به تەڤ خواست و ویستی مێرد.

تاهەر مێردێك ژنەكەی وەك كەرەستەیەك بۆ خزمەتی هەڵوێستی ناجوامێرانەی خۆی بەكاربهێنێت. من وای دەبینم دیوەخان بەشێكه لەپیلانی دوورخستنەوەی ژنان لەسیاسەت و بەمرۆڤبوون.

دیوەخان واته لەمپەرو كۆسپ لەبەردەم ژنان، بۆ گواستنەوەی كار بۆ دەرەوەی ماڵ، دیوەخان بەشێكی زیندووی گەندەڵییه، یاخۆ ئەشێ بێژم زیندووكردنەوەی گەندەڵییه لەنێو كۆمەڵگا، بانگەشەیەكی بێشەرمانەیه بۆ دەستەمۆكردن و زڤڕاندنی گەل بۆ رۆژانی پڕ لەنەهامەتی و بندەستی.

دیوەخانەی پیاوماقوولاَن، دژایەتییەكی ناڕاستەوخۆیه دژ بەژنان و پێشكەوتنی كۆمەلاَیەتی و گەشەی كۆمەڵگا، ئەوەتا هەر یەك لەپارتەكانی ئێمه، خوازیاری ئەوەیه دیوەخانی لایەنگرانی گەرم و گوڕ بێ و بەناوی قەبەو ئەم و ئەو بیناسێنێ و وەك شانازییەك بۆ زۆری جەماوەریی خۆیان نمایش بكات، بێگومان ئەمه كولتوورێكەو گوزارشت لەئایدۆلۆژیاو تێڕوانینی خۆیان ئەكات، ئەخوازن بەم رێگایه بەر لەپێشكەوتن و هەنگاونان بەرەو دونیای شارستانیەت بگرن، هەروەسا به واتایەكی تر ئەخوازن شوێنپێی ژن لەبنیاتنانی كۆمەڵگایەكی مەدەنی ون بكەن. تا ژن چیتر گەوهەرو بوونی راستەقینەی خۆی نیشان نەدات و تووشی دڵەڕاوكێ بێ لەپانتایی دیرۆكی سەردەمی دایكسالاری.

ئاوەدانكردنەوەی دیوەخان بەهەر بڕوبیانوویەك بێت كارەسات و نەهامەتیه، ئەمه نه تاكتیكەو نه فرت و فێڵ، بەڵكو بزاڤێكی سەرلێشێواوەو تەقلیدێكەو لەداگیركەران و هێزی بێگانه ماوەتەوه. ئەز بەدەسەلاَتی كوردی ئەڵێم ئایا دیوەخانەو زیندووكردنەوەیان له چ بڕگەو ماددەی دەستوورو یاسایەك هەیه؟

ئاخر ئەمه یاسایەكی پاشڤەڕۆیانەیەو لەگەڵ دەروونی پیاوان سەرچاوەی گرتووه، بۆیه نەشیاوو قابیلی گۆڕانه. بەڕاستی ئەمه كێشەیەكی تژیه لەنەزانین، یا ئەوەتا تۆڵەسەندنەوەیه لەرووحی نەبەزیوی هەژاران، بەم نەریتەش كۆیلەتی لەپەرەسەندن دەبێ و فشاری كەسانی بەناو پیاوماقووڵ لەزێدەبوون دەبێ، سەیركەن وردە وردە ژمارەی پیاوماقوولاَن وەك پەتای كوشنده لەزێدەبوون دایه.

بەپێچەوانەشەوه، ئێمەی ژن لەژێر فشاری نەریتی توندو تیژیی، سووكایەتیمان پێ ئەكرێ و بەجۆرەها پاساوو بڕو بیانوو دەچەوسێینەوه، ئەز بەتەواوی ژنان دەڵێم لەهەر كات و ساتێكا بەخت یاوەرمان بووه، ژیرانه دەممان كردۆتەوەو هەڵس وكەوتمان كردووه.

بەدرێژایی مێژوو تاهاتنه دونیای بەناو دیموكراسی ئەمڕۆكه، نەك پەیڤی ژن ماقووڵی بەنسیبمان نەبووه، بەڵكو لەدونیایەك ژیان بەردەوام ئەكەین، كه پڕاوپڕه لەتراژیدیای جەرگبڕو خێر لەخۆ نەدیوو، هەر چیرۆكێ كه بۆنی خیانەت و خیانەتكاری لێوه بێ، ئەوەی درۆو بوختانه هەر هەموویان لەتەك پیاوانەوه ئەخرێنه پاڵ ئێمەی ژن و سەرچاوەی تەواوی پاكیزەییش هەر پیاوانن، بەدەسەلاَتی بالاَی خۆیان سەربەخۆیی ژنانیان كۆنترۆڵ كردووەو خەونی بەشێكی گرنگی كۆمەڵگاو ئایندەیان كوشتووه.

بۆیه دووپاتی ئەكەمەوه ئاوەدانكردنەوەی دیوەخان، پەیڕەوكردنی سیاسەتێكی چەوته، نەك تەنێ دژی ژن و هەژارانه، بەڵكو دژی تەواوی مرۆڤایەتییه.

من بەدەسەلاَتی كوردی دەڵێم، ئێمه ناسنامەی ژن ماقووڵیمان گەرەك نییه، ئێمه ئەو ناسنامەیه بەناسنامەی ئەتك پێكردن ئەناسین.

باش وایه تێبگەن، ژنان لەهەر هێزێكی كاردا ئامادەییان هەیه، ئەگەر رێگەمان لێ نەگیرێ و دەرفەتمان پێ بدرێ، كاتی ئەوەش هاتووه رەوشی ژنان لەنێو تەڤ چین و توێژەكانی كۆمەڵگا بنرخێنن، چونكه ناكرێت چیتر رێگا لەدەركەوتنمان بگیرێ، یا لەسایەی ئێوه لەچوارچێوەی خێزان بخولێینەوه.

بەتەواوی بڕوامەوه دەڵێم بندەستی ژنان دیاردەیەكی خۆڕسك نییەو دەستكردەو دەستكرد.

ئاخر ناكرێ چیتر دەرهاوێژراوبین لەژیان و بەرخودانی بنیادنان و ئایینده.

*بەڕێوەبەری سەنتەری مەستووره

تشرینی دووەمی 2006

# کچ و ترس لە قەیرەیی



بەختیار سەباح

**قسەکردن** لەسەر گۆڕان و کولتوورو داب و نەریتی کۆمەڵگایەك، ڕەنگبێ شتێکی ئاسان نەبێت، بەتایبەت کولتوورێك کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ململانێی ڕەگەزیی تیادا ئامادە بووە، ڕەگەزێك هەموو توانا و بیرکردنەوەی ڕەگەزەکەی تری ڕەفز بووە، ئەویش قسەکردنە لەسەر کۆمەڵگای کوردی، ئەو کۆمەڵگایە هەڵگری کولتوورو داب و نەریتێکە، کە هەمیشە لەناو خێزاندا باوك سەردارو باڵا دەست بووە، ئەگەر باوکیش ئامادە نەبووبێ ئەوا کوڕ ئەو ڕۆڵەی گێڕاوەو بۆتە خاوەن بڕیارو هەڵسوڕێنەری خێزان. بۆیە ئەکرێ بڵێین کۆمەڵگایەکی نێرسالاریە، چونکە بۆ ئافرەت نەبووە قسە بکات و بڕیار بدات، هەمیشە دەمبەست و دەمکوت کراوە، قسەکانیشی گوێ پێنەدراوو بەلاواز سەیرکراوە، تەنانەت بۆی نەبووە قسە لەسەر چارەنووسی خۆشی بکات. ئەمەش وایکردووە لە زۆربەی مافە سەرەتاییەکانی خۆی بێبەش کراوەو بۆتە کۆیلەی دەستی پیاوو بەدەست سیستەمە کۆمەلأیەتیە دواکەوتووەکانی نالأندووە، کە پیاو لە ژیانی ڕۆژانەیدا کردوونی بەیاسایەك و کاری پێ دەکات. لێرەدا ئێمە باس لەلایەنەکانی تری چەوسانەوەو ژێردەستەیی و مافەکانی ئافرەت ناکەین، تەنها کێشەیەك لەبەرچاو دەگرین و قسەی لەسەر دەکەین، کە ئیمڕۆ ڕێژەیەکی زۆری کچ بەدەستیەوە دەناڵێنن و بۆتە دیاردەیەکی گەورەی کۆمەلأیەتی، ئەویش ( قەیرەیی)یە، قەیرەیی کاتێك دەدرێتە پاڵ ئەو کچانەی، کە تەمەنیان بگاتە سەرووی ( 30 ساڵ )، ئەمەش لەئەنجامی ئەوەوە بووە، کە ڕەگەزی مێ خاوەن بڕیارو قسەی خۆی نەبووە، چاوەڕێی بڕیارەکانی پیاو بووە، پیاویش هیچ کاتێك لەبەرژەوەندی ئەو قسەی نەکردووە، کچ بۆی نەبووە بەئارەزووی دڵی خۆی هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێ و بڕیاری هاوسەرگیری بدات. وابووە یان لەسەر بێشکە لەخزمێکی نزیکی باوکی مارەبڕ کراوە، یاخود بۆ براو باوکی ژن بەژنی پێکراوە، بۆ باوك و برا گرنگ نەبووە، کە کچەکەیان دەکەوێتە چ ژیانێك و دۆزەخێك، تەنها خۆیان بەمراز بگەن، ئیدی باکیان بە کچ و خوشکەکانیان نەبووە، بۆیەشە زۆربەی ئەو پرۆسەی هاوسەرگیریانە سەرکەوتوو نەبوونە.

جگە لەمەش ڕێژەیەکی زۆری کچ لەنێو کۆمەڵگەی کوردی، تەمەنیان لەسەرووی سی ساڵیەوەیە و لە ماڵەوە ماونەتەوەو بوونەتە قەیرە، ئەمە ئەو کولتوورەیە کە فاتمەی لەولأتێکی ئازاد و دیموکراسدا کوشت، یاخود کوشتنی ئافرەتێك بە چەقۆ لەولأتێکی وەکو ئەڵمانیا، جێی قسە لەسەر کردنە، کە بۆ دەبێت کچ باجەکەی بدات و لەپێناویدا بسووتێت و وای لێبکرێت هیچ هیوایەکی بەم ژیانەو ئەو کۆمەڵگایە خۆش نەبێت؟ کە زۆر ئەستەمە ڕووبەڕووی گۆڕانێکی گەورەی کۆمەلأیەتی ببێتەوە و هەندێ لەمافەکانیشی بۆ بگەڕێتەوە.

بۆیە قەیرەیی هەر ئەوە نییە، کە کچێك تەمەنی هەڵبکشێ و لەماڵی باوکی بمێنێتەوە، بەڵکو بۆتە نەخۆشییەکی دەروونی و وایکردووە کە بەردەوام لە دڵەڕاوکێ دابن و بەداماوی ببینرێن، جگە لەمەش تێڕوانینی نادروستی تاکەکانی کۆمەڵگا و هەڵبەستنی سەدان ناوو ناتۆرە بۆیان، ئەمە زیاتر بریندار کردوون و بۆتە هۆی ئەوەش کە زۆرجار خۆیان لەدەربڕینی ڕاستەقینەی تەمەنی خۆیان بدزنەوە. دیارە لەم ماوەیەدا وەك گەڕانەوەی ماف بۆیان، بڕیارێکی وا دەرچووە کە قەیرەیی کچ ببێتە تەمەنی ( 40 ساڵی)، بەلأم بەبۆچوونی من دەبێ بە قەناعەت هێنانی کۆمەڵگا بێ، کە ئەوانە قەیرە کچ نین، نەك بەدەرکردنی بڕیار.

baxtear@zarikrmanji.com

# لە ژیانی هاوسەرگیری خۆشەویستی ڕاستەقینە تاچەند بوونی هەیە؟

## کە خۆشەویستی ئاوا ئەبیٚ، هەرەسی ژیانی هاوسەرگیری دەست پێدەکات

نیاز عەلی

(**نازەنین**)**ی** هاوڕێم بەسەرهاتی ئەو کچ و کوڕەی باسکرد، کە بەردەوام نامەو دیدارەکانیان پڕ بوون لە وشەگەلی وەك (**ئازیزەکەم تۆ خۆشەویسترین کەسی منی، تۆ دڵ و گیانمی، تۆ خۆشی و ئاسوودەیی منی، ژیانی من بە تۆوە جوانەو بیٚ تۆ ژیان هیچ مانایەکی نیە، من هەرگیز ناتوانم بیٚ تۆ بژیم، بەردەوام حەز دەکەم لێتەوە نزیك بم‌و لەنزیکمەوە بیت. ئازیزم هەست ئەکەم بۆنی تۆ حەزی بەردەوامبوونی ژیانم پیٚ ئەبەخشیٚ، بوونی من تەواو پەیوەستە بە تۆی ئازیز**). (نازەنین) دەیگوت : نزیکەی (3) ساڵ ئەم کچ و کوڕە لەپەیوەندییەکی خۆشەویستی توندوتۆڵ دابوون، کە زۆرێك لەکچان و کوڕانی گەڕەك ئیرەییان پێدەبرن‌و خۆزگەیان دەخواست رۆژێك ئەوانیش لەپەیوەندییەکی خۆشەویستی لەم چەشنە دابن. دوای بەیەکگەیشتن‌و هاوسەرگیری ئەم دوو خۆشەویستە، بەماوەیەکی کورت، هەمان ئەو کچەی تەواوی کچانی گەڕەك ئیرەییان پێدەبرد، بە تەلاٚقدراوی گەڕایەوە ماڵی باوکی و ئێستاشی لەگەڵدابێت، بە دەروونێکی روخاوو بەحەسرەتەکانی دوای ئەم خۆشەویستیەوە، خۆی ئاخنیوەتە کونجی ژوورێکی تاریك. کوڕەکەش بەبیٚ ئەوەی گویٚ بەئازارەکانی ئەو بدات، ژنێکی دیکەی هێناوەتەوەو ئێستا بەئاسایی ژیان بەسەر دەبات. ئەو دەیگوت: **لەوەتەی ئەم بەسەرهاتەم بینیوە، هیچ**



خۆشەویستی.... گرێدانی رۆحیی مرۆڤەکان

**باوەڕێکم بە خۆشەویستی نەماوەو پێم وایە، خۆشەویستی لەوڵاتی ئێمەدا مرۆڤ دووچاری کێشەی گەورە دەکات.**

(پەروین ع) ژنێکی (30) ساڵانەیە، بەگومانەوە دەڕوانێتە خۆشەویستی‌و پێی وایە، کە پەیوەندی خۆشەویستی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بوونی نیە، ئەگەر بشبێت ئەوە بەڕێژەیەکی زۆر کەم. هەرچەندە خۆی لەڕێگای خۆشەویستیەوە هاوسەرگیر نەکردووە، بەلاٚم دەڵیٚ بەشێکی زۆری ئەو کچ و کوڕانەی لەڕێگای خۆشەویستی هاوسەرگیری دەکەن دووچاری کێشەو گرفت دەبنەوە، ئەمەش بەکاریگەری چەندین هۆکاری جۆراو جۆر، گرنگترینیان بریتیە لەتەندروست نەبوونی پەیوەندییەکەیان. پەیوەندییەکانیان بەزۆری کۆمەڵێك پاڵنەری کاتی بەدواوە بووە، کە دوای بەیەکگەیشتن ئەم پاڵنەرانە بوونیان نامێنیٚ و خۆشەویستیەکەش هەرەس دێنیٚ، لەزۆر حاڵەتیشدا هاوسەرگیریی‌و ژیانی هاوسەرێتی دەکەوێتە مەترسیەوە.

(**هاوریٚ عەلی**) کوڕە گەنجێکی بالاٚبەرزی تەمەن (22) ساڵە، بە باوەڕێکی زۆرەوە باسی لەخۆشەویستی دەکردو دەیگوت: **خۆشەویستی گەورەترین ئامرازی پەیوەستکردنی مرۆڤەکانە بەیەکتری و کاریگەرترین هۆکارە لەبنیاتنانی هاوسەرگیرییەکی سەرکەوتوو، کە دواڕۆژێکی پڕشنگدار هاوسەرەکان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە.** کەچی لەبارەی فەشەلی ئەو هاوسەرانەی بە خۆشەویستیەوە هاوسەرگیریان کردووە، دەیگوت: **سەیرە چۆن دەبێت خۆشەویستی هەرەس بێنی و ژیان بکات بە دۆزەخ؟! ئەو خۆشەویستیەی، کە دووچاری هەرەسهێنان دەبێت، لەسەر چەندین بنەمای نائەخلاقی‌و دوور لەبەها مرۆییەکان‌و هەستی درۆزنانەوە سەرچاوەیان گرتووە، چونکە هەر کاتێك خۆشەویستی لەسەر بنەمای ئەخلاقی‌و بەهای مرۆیی‌و هەستی راستەقینە سەرچاوەیگرت‌و بووە هەوێنی کۆکردنەوەی کوڕو کچێك لە چوارچێوەی ژیانی هاوسەرێتی، ئەوا هەرگیز دووچاری ئەم جۆرە قەیرانە نابێت، هەرچی ئەو هاوسەرانەی دووچاری جیابوونەوە دەبن‌و پێیان وایە، کە لەڕێگای خۆشەویستیەوە هاوسەرگیریان کردووە، ئەوا من بێگومانم لەوەی پەیوەندییەکەیان هەڵەو بەدەر بووە لەخۆشەویستی راستەقینە.** (سەرکەوت کەماڵ) گەنجێکی تری تەمەن(21) ساڵی، ئێستا لەگەڵ یەکێك لەکچانی هاوپۆلی لە پەیوەندییەکی خۆشەویستیدایە، دەڵیٚ: **راستە خۆشەویستی یەکێکە لەو بنەمایانەی کە دواجار دەبێتە هۆکاری دەرکەوتنی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی مرۆیی، لەنێوان هاوسەران و بەهۆیەوە هاوسەرگیریەکی سەرکەوتوو و دوور لەگرفت و هەڵوەشانەوە بنیات دەنرێت، بەلاٚم لەکۆمەڵگای کوردیدا سەرەڕای بوونی خۆشەویستی، کەچی بەشێکی بەرچاوی پەیوەندییەکان یاخود هاوسەرەکان روبەڕووی گرفت و لێکدوورکەوتنەوەو هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیری دەبن، ئەمەش بەتێڕوانینی من بۆ ناتەندروستی خودی پەیوەندییەکە دەگەڕێتەوە، کە بەزۆری لەسەر بنەمای حەزو ئارەزووە سێکسیەکانە. کاتێکیش لەڕووی**



خۆشەویستی .. هەوێنی پێکهێنانی خێزان

سێکسیەوە حەزەکانیان بەتاڵکردەوە، ئەوا خۆشەویستیەکەیان بەرەو کزبوون و ئاوابوون دەچێت.

هەر لەبارەی بوونی دیاردەی هەڵوەشانەوەی ئەو هاوسەرگیریەی لە ئەنجامی پەیوەندی خۆشەویستی بنیاتنراون، مامۆستا (کامەران)ی تەمەن (28) ساڵە، وای دەبینێ، ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەپەیوەندی هاوسەرێتی ئەو کچ و کوڕانە بەدی دەکرێ، کە لەڕێگای خۆشەویستیەوە هاوسەرگیری دەکەن. ئەو دەیگوت پەیوەندیەکانی نێوان نێر و مێ لەژێر فشاری کۆمەڵێك دابونەریت و ئەو کولتورە دواکەوتووە پیاوسالاریەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا زاڵە، دووچاری قەیرانێکی گەورەو نامۆیی هاتووە، هەر ئەمەشە وایکردووە کچان و کوڕانمان بەبێ ئەوەی ڕەچاوی بنەما سەرەکیەکانی خۆشەویستی بکەن و بەدەر لە تێگەیشتنێکی عەقڵانی تەواو، پەیوەندییەکانیان بنیات بنێن. هەرکاتێکیش پەیوەندی نێوان کچ و کوڕ هەڵقولاوی ئەزموونێکی مرۆیی ئەوتۆ نەبوو، کە لێك تێگەیشتن و متمانە بەیەکتریکردن، گرنگترین بنەماکانی بن و لەسەر چەند بنەمایەکی کاتی و غەریزەیی بنیاتنرابوو، عەقڵ گرنگترین هۆکارەکانی تەحەکومکردن بەم پەیوەندیە سۆزداریە نەبوو، ئەوا خۆشەویستی وەکو هۆکارێکی گرنگی پەیوەست بوون و هاوسەرگیری سەرکەوتوو نایەتە کایەوە. ئەمەش وایکردووە بەشێکی زۆری کچان و کوڕان دوای ئەوەی دەچنە قۆناغی هاوسەرگیری و لەژیانی هاوسەرێتیدا گوڕوتین‌و هەست و سۆزی جارانیان بۆ نامێنێ، نەك هەر پەیوەندی مرۆیی‌و هاوسەرگیریی، بەڵکو خۆشەویستیەکەشیان دەکەوێتە مەترسی‌و دواجار ڕووبەڕووی واقعێکی تاڵی لێوانلێو لەکێشەو ئاریشەی هەمەجۆر دەبنەوەو لەیەکتری جیا دەبنەوە.


(تارا. س) کچێکی تەمەن (22) ساڵە، تاکو ئێستا نەچۆتە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هیچ کوڕێك، دەڵێ: زۆر حەز ئەکەم کەسێکم خۆش بوێت و پەیوەندییەکی خۆشەویستی ئەوتۆ بەیەکەوە گرێمان بدات، کە هاوسەرگیریەکی سەرکەوتووی بەدواوە بێت. بەڵام تاکو ئێستا نەمتوانیوە ئەو کەسە هەڵبژێرم، چونکە دەترسم ئەو کەسەی لەدواڕۆژدا هاوسەرم دەبێت، ڕاستگۆ نەبێت و پەیوەندیەکەمان پەیوەندیەك نەبێت هەردووکمان لەخۆشی‌و ناخۆشیەکان کۆبکاتەوە، بەتایبەت کە تاکو ئێستا چەندین حاڵەتی لەم شێوەیەم بەرچاو کەوتووە، کە کچ و کوڕەکە بەڕادەیەکی ئێجگار زۆر یەکتریان خۆشویستوە، بەڵام دوای ئەوەی هاوسەرگیریان کردووە لێکتری جیابوونەتەوە. ئەمەش بەلای منەوە زۆر سەیرە! من زۆر ئەو پرسیارەم لەخۆم کردووە، ئەو وەڵامەش کە بەدەستم کەوتووە، بریتیە لەوەی ئەم کچ و کوڕانە لە خۆشەویستیەکەیان ڕاستگۆ نین، تەنها دەیانەوێت هاوسەرگیری بکەن. واتا دەیانەوێت لەپێناو هاوسەرگیری خۆشەویستی بکەن، نەوەك لەپێناو پارێزگاریکردن لەخۆشەویستیەکەیان هاوسەرگیری بکەن.

دوای هەوڵێکی زۆر کەسێکمان دەست کەوت، کە خۆی دەردەسەرییێکی زۆری بەدەست ئەم دیاردەیە چەشتووەو قوربانی دەستی قەدەرێکە، خۆشەویستی تیایدا لەبڕی ئاسوودەیی نەهامەتی بەرهەمهێناوە. (تەیب محەمەد) دەڵێ: من یەکێك بووم لەوانەی لەئاکامی پەیوەندییەکی خۆشەویستی توندوتۆڵ و دوورو درێژ ژیانی هاوسەرییم پێکەوەنا، بەڵام بەتێپەڕینی ڕۆژگار، خۆشەویستیەکەمان کاڵ دەبووەوەو بەردەوام نەمان دەتوانی لەگەڵ یەکتری بەهەمان خۆشەویستیەوە بژین. دوای ئەو هەموو ساڵە بۆم دەرکەوت، کە من‌و ئەو زۆر لەیەکتری جیاوازین‌و ناتوانین لەگەڵ یەکتریدا بژین. نەهامەتی گەورە لەوەدابوو من‌و هاوسەرم نزیکەی دوو ساڵ پەیوەندی خۆشەویستیمان هەبوو، بەدرێژایی ئەم دوو ساڵە بەردەوام ئاگاداری یەکتری بووین و لەیەکتری نزیك بووین، کەچی نەمانتوانی بوو بەتەواوی و بەشێوەیەکی زانستی یەکتری بخوێنینەوەو لەیەکتری بگەین. ئەوەی ئێمەی کۆکردبووەوە تەنها حەزی هاوسەرگیری و شکاندن و بەرەنگاربوونەوەی کۆتی داب‌ونەریتە کۆمەڵایەتیەکان بوو، کە دژی هەرجۆرە پەیوەندییەکی کچان و کوڕانە. ئەگەر کولتور و کۆمەڵگاکەمان بەشێوەیەکی ئاسایی بیڕوانیبایە پەیوەندیەکانی نێوان ڕەگەزی نێرو مێ، ئەوا ئێمەش دووچاری ئەم گرفتانە نەدەهاتین. (تەیب) دەیگوت: من و خێزانەکەم ئەوەندەی چاومان لەبەیەك گەیشتنی یەکتری بوو، ئەوەندە بەتەنگ ئاشنابوونێکی مرۆیی یەکترەوە نەبووین، کەمتر هەوڵمان دەدا شارەزایی یەکتر ببین، نەبادا پەیوەندیمان دووچاری کێشە بێتەوەو نێوانمان تێکبچێت، تاکو دواجار توانیمان هاوسەرگیری بکەین، کەچی دوایی ڕووبەڕووی ئەم دەردەسەری‌و نەهامەتیە بووینەوە.

# چاوێك نادیده بەجوانی

## زەنگێك بكوژی ژیان

زریان ئیبراهیم



-ئەلۆ!
*بەڵێ فەرموو
–نامناسیت؟
*ببورە بەڕێز...
–چۆن خۆت نەناس دەكەیت؟ شەرت بێ شیرینی دەستگیرانیت تاڵ‌و كەژاوەی بووكێنیت بكەمە دۆزەخ..
*كاكە گیان ئەوە چیتە؟ بۆ وڕێنە دەكەیت؟
– من وڕێنە دەكەم، یان ئەوە تۆیت دەتەوێ خەونەكانم بكوژیت؟
*ببورە برا، خوا هەڵناگرێ، بۆ ژیانم لێ تاڵ دەكەیت؟ ئەو ژمارەت لە كێ وەرگرتووە؟
– ئەوە كێشەی تۆ نییە، گرنگ ئەوەیە كە دەبێ باجی ئەو ڕەفزە بدەیت كە داتە من!
*ئێ كاكە خۆشەویستی بەزۆر دەكرێت.. ئەلۆ.. ئەلۆ..
(مۆبایلەكەی بەسەر دادەخات).

ئەوە سەرتای ئەو كارەساتەیە، كە عەقڵێكی بۆگەن‌و ویژدانێكی خاڵی لەژیاندۆستیی‌و چاوێكی نادیدە بەجوانی ڕووبەڕووی پاكیزەیەكی ئەم دەڤەری (سۆران)ەی كردووە. (سۆنیا)، كە هاوڕێی خوێندنی هەریەك لە (سیاكۆ)و (ساكۆ) بوو، بەسەرسوڕمانەوە ڕووبەڕووی داوای پەیوەندی سۆزداری (سیاكۆ) دەبێتەوە، بەڵام (سۆنیا) ئەو هەستەی لا دروست نەبووە بەرامبەری، دوای چەندین جار ڕێ پێگرتن، كەچی كچە ناچێتە ژێر باری خواستی كوڕە، كە لەبنەڕەتدا مەبەستێكی شەهوانی لەپشت بووە، تا ئێرە ئاساییە، بەڵام كاتێ (سیاكۆ) دەزانێ كچە لەزوویێكەوە پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ (ساكێو)ی هاوڕێی گیانی بەگیانی ئەودا هەیە، خوێن دەچێتە چاوانی‌و پێ لە هەرچی بەهایەكی جوانی برادەرایەتیی دەنێ‌و هەر لەهەوڵی چنینی تەونی پیلان دایە، بۆ لەباربردنی ئەو پەیوەندییە ژیاندۆستییەی نێوان ئەو دوو مرۆڤە، كە بە بڕواو بەهیوای ئایندەیەكی گەشەوە دڵیان بەیەكتر بەخشیوەو ئامادەبوونە ساباتێكی دڵنیاو چەتری ئاسوودەیی هاوسەریی كۆیان بكاتەوە.

ڕۆژان دێن‌و دەڕۆن، ئەو پەیوندییە پاكەیان توندوتۆڵتر دەبێت، تا ئەوەی دواجار (ساكێو) داوای دەستی (سۆنیا) لەماڵی باوكی دەكات‌و ئەوانیش بەخۆشحاڵی‌و دلاواییەوە ڕەزامەندی نیشان دەدەن، ئیدی (ساكێو) سێ‌و دووی لێناكات‌و هەر زوو دڵخوازەكەی مارەدەكات‌و نموونەیەكی جوانی دڵسۆزیی‌و ڕاستگۆیی لەعەشقدا نیشانی هاوڕێیانی خوێندنی دەدات، بەڵام (سیاكۆ)ی كەللەپووت‌و بێویژدان لەهەوڵەكانی ناكەوێت، بۆ تێكدانی هێلانەی ئەوینی ئەو دوو مەعشوقە، تا ئەوەی بە بەڕێوەبەرو چەند مامۆستایەكی خۆیشی ڕادەگەیەنێ، بەقسەی خۆی (داری سوڵح)بن لەو نێوەدا، سولحێك كە سەرچاوەكەی دڵڕەشی‌و كینەیەو بەس، كە دەزانێ لەدیدی ئەوانیش ئەو هەر مرۆڤە بچووك‌و بوودەڵەكەیە، ئینجا پەنا دەباتە بەر پڕوپاگەندەكردن بەدوای كچەو هەرچی ناوو ناتۆرەی ناشیرین هەیە بۆی هەڵدەبەستێ، بەوەش ناوەستێ تف دەكاتە بیرەوەریی چەند ساڵەی هاوڕێیەتی گیانی بەگیانی خۆی‌و (ساكێو)، سپڵەیی‌و نمەك بەحەرامیشی دەردەكەوێ، لەولاش شەوو ڕۆژ، بیست‌و چوار كاتژمێر بەناردنی نووكەو نامەی ناشیرین ژیان لە (سۆنیا)



دەكاتە دۆزەخ، تا ئەو ئاستەی بەهۆی ناوو ناتۆرە داتاشین بۆ کچەو شێواندنی وێنەکانی لەرێگەی بەرنامەکانی کۆمپیوتەرو هەڕەشەکردن لە (ساکێو) بەحوکمی دەوڵەمەندیی و عەنتەریی، دەتوانێ گومان نەك تەنها لای (ساکێو)، بەڵکو لای خودی خێزانی (سۆنیا)ش لەسەر کچەکە دروست بکات، تا ئەو رادەیەی باوك و براکانی سەرەتا سەرکۆنەو پاشان ریسواو تێرلێدانی دەکەن و دەرگاو تەنانەت پەنجەرەو کلاوڕۆژنەکانی ماڵەوەیشی بەسەردا دادەخەن. بەلای خۆشیەوە (ساکێو) چەند هەوڵ دەدات و دەفکرێ کەمێك لەگومانەکانی خۆی برەوێنێتەوەو بڕوا بەباوك و برای دڵخوازەکەی بهێنێ، کە بە قسەو هاشوهووشی ئەو کەسە نەکەن، کەچی نەك لەو کارەی سەرناکەوێ، بەڵکو بەهۆی دڵڕەقی خێزانی دەسگیرانەکەی و قسەهێنان و بردنی جادوبازو دوو رووییانەی هەندێ کەسی بەناو هاوڕێی خۆی و (سیاکۆ)، دەگاتە ئەو بڕیارەی لەدڵخوازو پەریی خەیاڵی خۆی جیاببێتەوە، ئیدی تکاو نزاو پاڕانەوەو فرمێسکی پڕ بەرائەت و نیگای پڕ سۆزو ئەوینی راستگۆی مەعشوقە شۆخەکەی دادی ئەوە نادات، لەو بڕیارە هەرزەییەی پاشگەز بێتەوەو فوو دەکاتە چرای عەقڵ و بیرکردنەوەی و عەشقێکی پاك دەکاتە قوربانی بەناو لۆمەی خەڵك و قسەوقسەڵۆکی خەڵکێکی ویژدان تۆپیووی خوانەناس، لەوەش زیاتر لەژێر فشاری شەق و جوێن و تێهەڵدانی باوك و براکانی (سۆنیا) ناچار دەکات بێتە بەردەم یاساو سەرلەقاندنێکی نابەدڵی لەترسی کوشتن بۆ جیابوونەوە نیشان بدات، بەوەش ناوەستێ تەلاقی بدات و ئاڵتوونەکەی لێ بسەنێتەوە، بەڵکو ئەو ملوانکە زێڕەی لەئاوێتەی پیتی هەردووکیان، کە وەك دیاریی وەفاداریی ئەوین پێشکەشی کردبوو، لەگەردەنیدا بێبەزەییانە دەپچڕێنێ و ئەو ئەنگوستیلەش، کە وەك مۆژدەی رازیبوونی خێزانی (سۆنیا)و بەیەك شادبوون و چرۆکردن و بەرگرتنی داری عەشقیان بۆی کردبووە دیاری و یادگاریی، لەو پەنجە ناسکە داپچڕاند، کە تا ئەو لەحزەیەش خوێنی ئەوین و سۆزو وەفاداریی تێدا دەهات و دەچوو.

بەڵێ، ئەمە رووداوێکی راستەقینەی ئەو دەڤەرەی (سۆران)ە، کە بەهۆی چاوێکی نایدە بەجوانی و عەقڵێکی ژیانکوژو نامۆ بە بەهاو سۆزی مرۆیی و ویژدانێکی مردوو، عەشقێکی پاك لەخاچدرا. ئێستاش (سۆنیا) لەسووچی ژوورێکی تەنهاو لاتەریکدا، فرمێسکەکانی دەهۆنێتەوەو خەیاڵی دەیباتەوە وێستگەکانی یادەوەری تژی نیگاگۆڕینەوەی عیشق و خەندەو تریقانەوەی گەشبینی، هێورو تەنیاو دوور لەبەزەیی خێزان خۆی دەخواتەوە، (ساکێو)یش پاش بڕیاری سەرشێتانەی جیابوونەوە، کە راستیەکانی بۆ دەرکەوتوون پەنجەی پەشیمانی دەگەزێ و ژیانی لەخۆی حەرام کردووەو مانایەك بۆ ژیان و بەردەوامیی نادۆزێتەوە، لەولاش (سیاکۆ)ی دڵڕەق و کوێر بەبینینی جوانیی، پێکی خۆشنوودی تێکدانی هێلانەی ئەوین و گرفتارکردنی دوو مەعشوق هەڵدەدات و سەرقاڵی سازکردنی زەماوەندە لەگەڵ کەسێکدا، کە بە رێکەوت و بۆ تۆڵەیەکی شەیتانیانە لە (سۆنیا) دەستنیشانی کردووە..

***تێبینی.. ناوەکان خوازراون، ئەگینا خودی کارەساتەکە رووداوێکی راستەقینەیەو لەنێو دۆسیەکانی یەکێك لە دادگاکانی دەڤەری (سۆران) دایەو ویژدانی زۆر کەسیشی هەژاندووە.**

# لە ئەورووپای خەونەکان

**تایبەت بە کۆوار**

**زۆرجــــار** هۆکــــاری بەدڕەوشتی و سێکسی ناشەرعی، لە ولاٚتانی دواکەوتوودا بۆ نزمیی ئاستی وشــــیاریی و گرفتــی ئــــــەداریی و ســــنووردارکردنی ئــــــازادیی و پەیوەندییـــــە سێکسییەکانی نێو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایانە دەگێڕدرێتــەوە، کــە لــەو ولاٚتانــەداو لــە ڕەوشــێکی نالەبارو دواکەوتوودا ژیان بەسەر دەبـــــەن، ســـــەرژمێریەکانیش زۆرترین دەستدرێژیی سێکسی و نەخۆشــــیەکانی دەروونـــــی و جەستەیی و کۆئەندامیـەکان، بـە تایبـەتیش نەخۆشـی ئایـدز، لـە ولاٚتە هەژارنشین و دواکەوتووەکان پیـــشان دەدەن، بـــەلاٚم کاتێــك واقیعـــی ژیــــان لەولاٚتـــــە پێشکەوتووەکان، وێـرای فەراهـەم بوونی ژیان و خزمەتگوزاریـەکان و ئازادیـــەکانی تاکەکەســی لـــە مومارەســـەی ژیـانی ڕۆژانـەیان، بەلاٚم لەپاڵ هەموو ئەو ئازادیی و هــەبوویی و دەســـتەبەر بوونـــە، نموونەگـــــەلێکی قێزەونــــــی دەســـــتدرێژییە سێکـــــسی و بەدڕەوشـــتییەکان، ڕۆژ دوای ڕۆژ لە پەرەسەندن و زیادبووندان، کە خەریکە ئەو بەهەشتەی خەون و ژیانە کە ئەورووپای ناوە، بکەن بە دۆزەخێك نوقمی بەدڕەوشتیی و دەستدرێژیی و کوشتن.

لـە ژمـارەی ڕابـردووی (کـۆوار)، بابەتێکمان لەسەر کچێکی تەمەن (11) ساڵە بلاٚوکردەوە، کە بەهۆی دەستدرێژیی سێکسی لەلایـەن پیرێکی چلێسەوە دووگیان ببوو، وا لــــەم ژمارەیەشـــــدا (دوو) نموونـــەی دیکـــەی قێـزەون و زۆر ناشــــرینی کــــرداری سێکــسی ناشەرعی و دەستدرێژیی بۆ سەر جەستەو ژیانی تاکـەکان، لـە لای کەتنکارانەوە بلاٚودەکەینەوە.

**حەسیب ئەدیب زاخۆیی / ئەڵمانیا**

## که خوشك و برا، چوار منالٚ لەیەكدی دەنێنەوە

ئەگەرچی کرداری سێکسی ناشـەرعی نێوان تـاك و دەســتەجەمعی، هـــەروەها دەســتدرێژیی و ئـــەتك كـــردن، لەســـەراپای دونیــادا گەیــشتۆتە لووتکــە، بــەلاٚم کــرداری ئەنجامــدانی ســێکس لــە نێوان (مــەحرەم)ەکانــدا لــەدونیادا، بــەپێی هــەموو یاســا ئاسمــانی و زەمینیــەکان، بــە پێــی ئــاوەزو بــاوەڕو داب و نەریتــەکان، کردارێکــی بێــزراوو قەدەغـــەکراوو خەتەرناکــــە، کـــە لەبەرامبــــەر ئەنجامـــدانی وەهـــا کردارێـــك ســـزای تونـــد بـــۆ بکـــەرەکانی دانـــدراوە، وەلێ ڕۆژ دوای ڕۆژ لێـــرەو لـــەوێ گوێبیـــستی دەســـتدرێژیی و ئەنجامـــدانی کـرداری سێکـسی نێـوان کـوڕو دایـك، بـاوك و کچ، خوشك و برا،مام و خاڵ و پوورو نەوەو..... دەبین و خەریکــە ئـــەو بەدڕەوشـــتیە هـــیچ بـــەهایێك بـــۆ مرۆڤبوون ناهێڵێتەوە.

ئەم چیرۆکەی کە دەیخوێنیتـەوە، بە وێنەو نـاوو نیشانەوە، چیرۆکێکی ڕاستەقینەی نێوان خوشك و برایەکە، کە بەهۆی بەیەکەوە ژیان و جووت بوون، چوار منالیان لەیەکدی ناوەتەوە.

(ســـوزان. ك Susan.K)ی تەمــەن (22)ســـاڵ و (پاتریـــك. س Patrik.S)ی تەمـــەن (29)ســـاڵە، خوشـــك و برایـــەکی ئـــەڵمانین و لەموقاتەعـــەی (ساخـــسن)لەئـــەڵمانیا مـــاوەی (6)ســـاڵە، خۆشەویستی لەنێوانیاندایەو ژیانی هاوسەرییان بەیەکـەوە نـاوەو سـەرەنجام (4)منالیـشیان بـووە، پاتریك تەمەنی چوار ساڵ بووە، کە خێزانێکی تر ئـەویان وەك منـالی خۆیـان بـەخێو کـردووە، بـەلاٚم بـــەر لـــە (6)ســـاڵ گەڕاوەتـــەوە لای خانـــەوادە ڕەســــەنەکەی، ئەوکاتــەش (ســوزان)ی خوشــکی کچێکی شۆخ و شەنگی تازەپێگەیشتووی تەمەن (16)ساڵە بــووە، بۆیــە دڵیــان دەچــێتە یەکــدی و ســەرەنجام پەیوەنــدی سێکــسی لەگــەڵ یەکــدی ئـەنجام دەدەن، ســاڵی (2001) منــالی یەکــەمیان دەبــێ، کــە کــوڕەو نــاوی دەنــێن (ئاریــك Erik)کە ئێستا تەمەنی (5)ساڵە، بەلاٚم ناتوانێت بەباشی بە پێیــان بــڕوات و قــسانیش بکــات، ئەمــەش لــەژێر کاریگەریــە بۆماوەییــەکانی دایــك و باوکییەوەیــە، منالی دووەمیشیان کچەو ناوی (ساهرا Sahra)ی تەمەن (3)ساڵە، هەرچی سێیەمیانە کچێکی تەمەن (2)ســاڵەیە بــەناوی (نانــسی Nancy ) چــوارەم کچیـــشیان نـــاوی (ســـۆفیا Sofia)ی تەمـــەن (1)ســـاڵانە، ئـــەو کاتـــەی ســـۆفیا لـــەدایك بـــوو، پـــاتریکی بـــاوکی، بـــەتاوانی دەســـتدرێژیی و ئەنجامـــدانی کـــرداری سێکـــسی لەگـــەڵ خوشـــکی خۆی لەکونجی بەندیخانە ئاخنرابوو.



لــەماوەی بەنــدیی پاتریکــدا، ســوزان شــووی بــە پیاوێکی تەمـەن (49)ساڵی بە ناوی ( یورگن . ب Jurgen.B)کــرد، ســوزان لــە مێــردە تازەکــەی، یەکــەم منــالی شــەرعی بــوو بــەناوی (ســۆفیرا Sophira )، کە ئێستا تەمەنی ئەو منالە تەنها(4) مانگــە، بــەلاٚم ســوزان بیری هــەر لــەلای پــاتریکی براکەیەتی و دەڵێت ناتوانم بەبێ پاتریك بژیم، بۆیە پــێش هەفتەیــەك لەتــەواوکردنی مــاوەی بەنــدی پاتریك، سوزان خۆی لە یورگن تەلاٚقداو سۆفیرای چوارمانگەشی بۆ یورگنی باوکی بەجێهێشت.

بۆیــە سوزان لەگــەڵ سۆفیای کچی چوارەمینی لە پاتریــك و ســـەگەکەی کـــە بـــەناوی (دای ســـن Theissen)ە، لـــەپێش دەرگـــای بەندیخانـــە لـــە چـاوەڕوانی ئـازادبوونی پاتریـك دابـوو، پاتریـك دوای (دوو ســاڵ و دوو هەفتــە) لەبەندیخانــە هاتــە دەرێ.

پاتریـــك بـــۆ کـــەنالی تەلـــەفزیۆنی (تـــی ڤـــی ئــەنترڤیوTv.Interview)گــوتی: مــن زۆر باشــم و لەمـــەودوا دەبـــێ لەگـــەڵ ســـوزان و منالـــەکانمان بەیەکـــەوە بـــژین، ســـوزانیش گـــوتی: مـــن زۆر خۆشـحاڵم کە پاتریك جارێکی دیکە بۆ باوەشی ئێمە دەگەڕێتـەوەو من دیسان لەگەڵ ئـەودا دەبم، چونکە من و منالەکان ناتوانین بەبێ پاتریك بژین، مــن و پاتریـــك بـــۆ یەکـــدین و کـــەس نـــاتوانێ لەیەکدیمان جیا بکاتەوە.

**تێبینی/ بیرۆکەی ئەم بابەتە لەنووسینی (ئەنگیلا ویتنگ Angela witting)و (سـلیڤا جۆسـت Sylvia jost)ەو لەئەڵمانی وەرگیراوەو کراوەتە کوردیی و داڕێژراوەتەوە.**

# شێخ زانایەكیش لەئەڵمانیا ناوی (ماریۆ) یە




ماریۆ

ئەو شێخ زانایەی، كە هەموومان بەشێكی دیمەنە قێزەونو جینایەتكارەكانی خۆیی و گرووپەكەی لەسەر شاشەی تی ڤی دا دیت، وێنەو نموونەیان لەدونیای پانو بەریندا هێند زۆرو بەربلاونو رۆژانەش لەزێدەبووندان، ئەگەرچی لەعێراق و ئەفغانستانو ولاتانی دیكەی رۆژهەلات، زەمینەی گەشەكردنیان سازو لەبارە، بەلام وا لەئەورووپای تێرو ئازادو ئارامیشدا رۆژانە دەیان نموونەی شێخ زاناكان لەسەر شەقامو كۆلانو شارەكاندا دەبینینو دەهێنرێنە سەر شاشەی تی ڤی و بەر دیدەی میدیاكانو بەتۆمەتی جۆراو جۆرەوە دەخرێنە كونی بەندیخانەكانەوە، وا ئەم چیرۆكەی خوارەوەش، كە بەوێنەو ناوو ناونیشانەوە دەخەینە روو، چیرۆكێكی راستەقینەی تاوانو بەدرەوشتییە، كە ئەمساڵ لەئەڵمانیادا روویدا، تەنها وێنەی كچەكە رتووش كراوە، ئەویش لەبەر پاراستنی كەسێتی و ئابرووی كچە.

(ستیفان Stefan)كچێكی شۆخو شەنگی تەمەن (14)ساڵەی شاری (دریسدین)ی رۆژهەلاتی ئەڵمانیایە، ستیفان رۆژی (2006/1/11)لەكاتی چوونە قوتابخانە، كەسێك بەناوی (ماریۆ.م Mario.M)ی تەمەن (36)ساڵە سەرەرێی پێدەگریو دەیرفێنێ، ماریۆ لەنزیك ماڵەكەیان لە (زێراب)ی خانووەكەی دەئاخنێو دەستبەسەری دەكات، ئەو كچە بێدەسەلاتە لەژێر زێرابی تاریكو شێداردا، دووچاری درەندەترین جەورو ئازاری جەستەیی و دەروونی دەبێتەوە، وێرای ئەنجامدانی سێكسی بەردەوام بەهەموو شێوازێكەوە، هەمیشەش چەقۆیەكی تیژی لەسەر گەردن داناوە، تا ئەگەر بیر لەهەلاتنو دەرەوە بكات، شێخ زانایانە وەك مریشكی مەسلەحە سەری ببڕێ، ستیفان بۆ ماوەی (5) هەفتە دیلی دەست ماریۆ دەبێو لەژێر زێرابەكەدا هەموو جۆر كردارێكی سێكسی لەگەڵدا دەكرێ، بەلام لەدەرفەتێكدا ستیفان نامەیەكی بەهاناوە هاتن دەنووسێو لە كولینگەی بچووكەكەی زێرابدا فڕێی دەدات، بەو هیوایەی رێبوارێ هەڵیبگرێتەوەو بەهانایەوە بچێ، خواو راستان لەو دیو زێرابدا هاولاتییەك بەرێكەوت نامەكە هەڵدەگرێتەوەو دوای خوێندنەوەی، دەستبەجێ پۆلیسی شارەكە ئاگادار دەكاتەوەو پۆلیسیش دەستو برد دەگەنە شوێنەكەو (ستیفان) ئازاد دەكەنو بەزووترین كاتیش ماریۆ دەدۆزنەوەو دەستگیری دەكەنو رەوانەی دادگای بالای تاوانەكانی سێكسی دەكەن، دادگای بالای تاوانی سێكسیش، ماریۆ بە (15)ساڵ حوكم دەكاتو دەیخاتە گرتووخانەی تاوانەكانی سێكسی.

ماریۆ لەو ماوەیەی كە ستیفانی دەستبەسەر كردبوو، وێرای بەكارهێنانی كچە بۆ تێركردنی شەهوەتی جنسی، هەرەشەشی لێكردووە كە تا تەمەنی دەگاتە (14)ساڵی تەواوەوە، واتە تا (2007/3/13)دەبێ هەر لەلای خۆی بمێنێتەوە.

پارێزەرەكانی ستیفان، بە تاوانی دەستدرێژیی سێكسیو هەرەشەی كوشتنو سەربڕین، داوای (1 ملیۆن یۆرۆ)یان لە دادگای بالای تاوانەكانی سێكس كرد، كە وەك قەرەبوو بدرێتە



ستیفان

ستیفان.

ئەم نموونەیە كە نموونەی دیكەی هاوشێوەی، رۆژانە لەكووچەو كۆلانەكانی شارە جەنجالو قەرەباڵغەكانی ئەورووپا روودەدەن، سیمای جوانیی و پێشكەوتنی ئەوێیان ناشرینو بێزراو كردووە، بەتایبەتی بۆ كەسی غەریبەو پەناهەندە ، كە هەمیشە لەناو ترسو دڵەراوكێدا دەژیت، بە ژیانو پێشكەوتنو خۆشییەكانی ئەوێی نائومێد كردووەو خۆزگە بەژیانی ساكاری ولاتەكەی خۆیان دەخوازن.

**دارشتنەوەی : حوسێن مستەفا**

**تشرینی دووەمی**

**2006**

# كە ژنەكەی سەر بڕی، كوڕەكەی لەبەردەمی وەستابوو

شنە


**ڕەنگە** تارادەیەك جیاوازیی و خراپ تێگەیشتن لەنێو ژن و مێرد دا، هێندێك جار ئاسایی بێت و لە پەیوەندییە هاوسەریەتییەكان رووبدات، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئاسایی نییە ئەو جیاوازیە درێژبێتەوە و تاوانی لێدروست بێت. بەتایبەتی تاوانێكی نامرۆڤانەی وەك كوشتن. بەداخەوە كاتێك لاپەڕەی تاوان هەڵدەدەینەوە، گەلێ جار دڵڕەقی یەكێك لەژن یان مێردان دەكەوێتە بەر دیدمان، كە جیاوازییان هێندە درێژ بۆتەوە، گەیشتۆتە كوشتنی ئەوی دیكەو هەر جارەش، یان لەهەر تاوانێك بیانوێك ئامادەیە. لەدواجار كۆی ئەو بیانوانە بەوە كۆتایی پێدێت، كە قبوڵی ئەوی دیكە ناكاو تەنانەت بەبیانووی توڕەبوون و زەفەری شەیتان، ژیانیشیان بۆ ئەوی دیكە بەڕەوا نەزانیوەو كوشتوویانە. ئێمە لێرە هەوڵدەدەین یەكێك لەو رووداوانە بخەینە بەر دیدی ئێوە، كە بووە جێگای سەردێری رۆژنامە عارەبییەكان و لەرۆژنامەی (بەیانی باش)ی تونسی تەواوی بەسەرهاتەكە گێڕدرایەوە.

### سەرەتای رووداوەكە..

تاوانەكە لەدرەنگی شەو روویدا.. پاش دەنگ بەرزكردنەوەو گفتوگۆیەكی توند، (حەسەن) كە تەمەنی 43 ساڵەیە، هورووژمی كردە سەر (فاتیمە)ی تەمەن 25 ساڵ.

(فاتیمە) تا دەهات زیاتر بێدەنگی دەیگرت و لە بەرامبەریشدا مێردەكەی زیاتر توڕەدەبوو و دەستی بە هەوادا رادەوەشاند. تا ئەو كاتەی بە تووڕەبوونێكی زۆرەوە بەرەو چێشتخانە بەڕێ كەوت و چەقۆیەكی گەورەی هێناو چووە ژووری نووستن و لەبەردەم كوڕەكەی، چەقۆی خستە سەر گەردەنی (فاتیمە).

فاتیمە و كوڕەكەی بۆ بەرگریكردن هاواریان لێهەڵساو دەستیان خستە سەر گەردەنەكانیان، دەستی (فاتیمە)، كە لەكاتی بەرگری دابوو بەر چەقۆ كەوت و خوێنی لێتكا. پاشان بەردەوام بوو لەبڕین و چەقۆنانە سەر گەردەن و گەردەنی بڕی و كوشتییەوە. كاتێك كوڕەكەی ئەم دیمەنەی بینی دەستی كرد بە گریان و ویستی داوای یارمەتی بكات و هاوار هەڵبێنێ، بەڵام باوكەكە بەهەمان چەقۆ لێی چووە پێشەوەو داوای لێكرد بێدەنگ بێت، ئەگینا هەمان دەردی بەسەر دێ، بۆیەش كوڕەكە لەبەردەم ئەو كارەساتە وەستاو بێدەنگ دەگریا.



### بەهەمان چەقۆ

پاش ئەو كارەساتە (حەسەن) منداڵەكەی ماچ كردو داوای لێكرد،



کە بچێتە تەنیشتی و لەگەڵی بنوێ، ئینجا بەرەو چێشتخانە بەڕێ کەوت و چەقۆکەی بە گەردەنی خۆیەوە نا بۆ ئەوەی بە دەستی خۆی سزا بخوات، بەڵام دواتر پەتێك هەڵدەواسێ و خۆی دەکوژێ.

**دایکم نووستووە**

رۆژهەڵات و کەس بە سیناریۆی شەو نازانێت.. مناڵەکان بۆ یاریکردن چوونە دەرەوەو لەناویاندا (کوڕ)ەکەی (حەسەن و فاتیمە)ەش، تا نیوەڕۆ لەسەر شەقام کەوتە یاریکردن، بەڵام بێ نان خواردن و ئاو خواردنەوە، تا ئەو کاتەی کە منداڵەکان کۆڵانییان جێ هێشت، بەڵام کوڕەکەی حەسەن لەدەرگای جیرانەکەیان چووە ژووریێ و گوتی برسیمە! کاتێکیش جیرانەکەیان لەدایك و باوکی پرسیاریان کرد، گوتی "دایکم نووستووەو خوێنیش لە گەردەنی دەتکێ"! ئەمە بووە هۆی چوونە ژوورەوەی جیرانەکانی لەماڵەکەداو دیتنی مەرگی فاتیمە، پاش ئەوە کە ئاسایش ئاگادار دەکرێتەوە، (حەسەن) لە ژووری چێشتخانە دەدۆزنەوە کە بەپەتێك خۆی خنکاندووە. ئەمەش پاش ئەوەی کە دەرگای چێشتخانەکەیان شکاند!.

ئەوەی کە لەو کارەساتە دەبێتە قوربانی (منداڵەکەیە)، چونکە ئەو جگە لەوەی کە ئیتر بە هەتیویی دەژیێ، کارەساتێکی گەورەشی کەوتۆتە زاکیرەیەوە. کارەساتێك کە هیچ لە گەوران تەحەمولی ناکان.

**باری ئابووری قورس..**

یەکێك لە نزیکەکانی حەسەن گوتی (حەسەن لەنێو بارێکی ئابووری قورس دەژیا، جگە لەمەش گەڕان بەدوای کارکردنی رەتکردبووەو هەمیشە لەنێو حوزنێکی گەورە دەژیا. زۆرجاران برادەرەکانی کاریان بۆ دەدۆزییەوە، بەڵام ئەو رەتی کارکردنی دەکردەوەو ئەمەش ببووە هۆی نالەباری خێزان و دروستبوونی جیاوازی نێوان ژن و مێرد).

جگە لەمەش دوای کارەساتەکە، رێپۆرتێکی پزیشکی ئەوەی دەرخست، کە چەند رۆژێك پێش کارەساتەکە، (حەسەن) لەنەخۆشخانە پشکنینی جەستەی خۆی دەکات بۆی دەردەکەوێ کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە، بەڵام خراپ بوونی باری ئابووریی، رێگر دەبێت لەگەڕان بەدوای چارەسەرکردن و تووشی جۆرێك لەنەخۆشی دەروونی دەکات. بەڵام ئایا ئەوە هۆکارێکە کە مرۆڤ بەرەو هەڵدێرێکی لەو چەشنە ببات و پەنا بباتە بەر کوشتنی ژن و خۆیشی؟.

**چیرۆکی لەم چەشنە...**

رەنگە رۆژانە لەمیدیاکانی جیهانی چیرۆکەهای جۆراو جۆر سەبارەت بەو کارەساتانە ببیستین. ئێمەی کوردیش بەدەرنیین لەو جۆرە کارەساتانە. شایەد لە رابردوو تەنانەت ئێستاشماندا دەیان چیرۆکی لەو جۆرە ئامادەییان هەبێت، کە بەبیانووی شەڕەف، نەخۆشی دەروونی.. پەیوەندی دیکە، دزی .. تاد، ژن ببێتە قوربانی چەقۆی مێردەکانییان، ئەمە چجای ئەوەی کە پیاوان خۆیان وەك دەسەڵاتی یەکەم لەبەردەم خێزاندا پێناسە دەکەن و پێشیان وایە، هەموو راستییەکان لەدەمی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێ.

لەلایەکی دیکەشەوە، نەریت ئافرەتانی ئێمەی ناچارکردووە کە بێدەنگ بژین. ئەو بێدەنگیەش وای لێکەوتۆتەوە کە هەمیشە ببنە قوربانی و سەدان و هەزاران خێزان بە پڕ جیاوازی و کێشەی جۆراوجۆر بەیانی بکەنەوە، ئەوەش کە لەنێو ئەو ململانێیە وەك یەکەم و دوایین قوربانی دەمێنێتەوە (منداڵ)ە، کە بڕوام وایە لە زاکیرەی هەر یەکێکمان دەیان قوربانی هەبێت؟

# گرفتی من..

**لە بەر** ئـەوەی کۆمـەڵگای کوردسـتان، کۆمەڵگایەکـە لەکێـشەو ئاسـتەنگو دیاردەگەلی جیاجیا بەدەرنیە، گرفتو ئاریشە کۆمەڵایەتییـەکان لـە زۆر لاوە رووبـەڕووی خێزانی کوردی بوونەتەوە، بەتاییەت گرفتەکانی پەیوەندیدار بـەژیانی منـداڵ وگـەنج و ژنان و پێکهاتە جیاجیاکانی دیکەی کۆمەڵی کوردەواری، ( کـۆوار ) بەچـاکی زانـی دوو لـە لاپەڕەکانی خۆی بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسە تەرخان بکات.. لەم رووەشەوە هەوڵـدەدەین لەرێی پسپۆرانی پەیوەندار بە پرسە کۆمەڵایەتییـەکان و سـوود وەرگـرتن لـە ئینتـەرنێت پرسیارەکان وەڵامی پێویستیان هەبێت.

سروە کەریم مستەفا

*بمبوورن کە نامەکەم کەمێك درێژە، بەڵام دەمەوێ ئەوەی لەدڵمدایە هەڵیڕێژم، من گەنجێکی بیست ساڵانم، لە یەکێك لـەکۆمپانیاکانی ئـەو وڵاتـە کاردەکـەم، کـە خـەڵکی دەڵـێن دواڕۆژی کۆمپانیـا گەشـە، هـەرگیز بـیرم لـەژیانی هاوسەریەتی نەکردبووەوە، دەمگوت دەمەوێ تـەواو پشت بـەخۆم ببەسـتم، دەشمگـوت ئەوکاتـە ژیـانی هاوسـەریەتی پێکدەهێنم، کـە تـەمـەنم گـەیشتە تەمـەنێکی کامڵو خـاوەن مووچەیەکی بـاش، بـەڵام فشاری ماڵـەوەمان وای کـرد، کـە داوای کـچێکی 16 سـاڵانە بکـەین، کـە هێشتا چـوار سـاڵی مـاوە خوێنـدن تـەواو بکـات. هەرچـەندە کـچێکی جوانـەو خاوەن رەوشتێکی باشەو ئەکرێت وەك کچێکی تێگەیشتوو ناوی ببەین!

کە جاری دووەم کچەکەم بینی، دەرفەتێك دروست بوو، کە بەیەکەوە قسان بکەین، ئەمەش وای کرد بزانم کە ئەو کچە هێـشتا نـەیتوانیووە بڕیـار بـدات، بـەڵام لـەژێر فـشاری ماڵەوەیان ناتوانێت رەتم بکاتـەوە، منیش پێمگـوت "ئـەوە ژیانی هاوسەریەتییە، تۆ ئەگەر منت قبولڵ نەبێت، بڵێ، بۆ ئەوەی لە دواڕۆژ تووشی گرفت نەبین".. بۆیەش بڕیارماندا شـەو بەتەلـەفۆن قـسە بکـەین.. کـە شـەو داهـات ئـەو بـە تەلەفۆن پێی گوتم، کە رازی نییە، بەڵام لە باوکی دەترسێ بڵێت رازی نییم. منیش پێم گوت (کارێکی باشـە، کارەکـە هەڵدەوەشـێنینەوە). بـەڵام بـۆ رۆژی دواتـر لەگـەڵ دایکـی تەلەفۆنیان کردو داوای لێبوردنیان کردو گوتیان ئامادەین بۆ مارەکردن، منیش پێم گوتن با بیرێکی لێبکەمەوە.

بۆ شەوی دووەم باوکم قسەی لەگـەڵ بـاوکی کـچەکە کـردو گوتیـان ئێـستا هـەمووومان ئامـادەین، بۆیـەش مـن جارێکی دیکە بە تەلـەفۆن قسەم لەگـەڵ ئـەو کـچە کـردەوەو ئـەویش هەمدیس کەسێکی راڕا بوو. ئێستاش من لەگەڵ باوکمو دایکم دەڵێم کە جاری بوەستنو ئـەوانیش پەلەیانـە، بـەڵام من هۆکارەکەم بۆ باس نەکردوون.. لێشتان ناشارمەوە ئەو رەتکردنەوەی ئەو بۆمن گـەلێك بێتاقـەتی کـردووم، چـونکە ئەزانم ئەو ئەگەر رازیش بێت، لەژێر فشاری باوکیەتی.

ئێـستاش نـازانم چـی بکـەم، لەکاتێکـدا هەسـت بـە گونـاه دەکـەم لـەوەی کـە ماڵـەوەمان نـازانن ئـەو مـنی رەتکردۆتـەوە، لـە کـاتێکی دیکـەش ئەترسم ژیانمان لە دواڕۆژ خراپ بێتو ئێستاش پێویستم بە بڕیارێکە.



– ئێمـە باوەڕمـان بـەوە هەیـە، کـە کـەسمان نـاتوانین لـەبری کەسـی دیکـە بڕیـار بـدەین، بـەڵام تۆ لە نامەکەت جگـە لـە جـوانیو تێگەیـشتن هـیچ خاسیەتێکی دیکەی ئـەو کـچەت نـەگوت کـە بـۆ تـۆ گرنگـە..

ئایـا تاچـەند پەیوەندییـەکی تەلـەفۆنی دەتوانێـت لـە دونیابینی کـچێکی تەمـەن 16 سـاڵانە حاڵیت بکات؟ ئەگەر وایـەو دەشـزانیت کـچێکی باشـەو ژیانـت خـۆش دەکـات، رەتکردنەوەیـەك بـەس نییـە بـۆ ئـەوەی غروریـت بکەوێتـە مەترسییەوە.

جگە لەمەش تۆ دەزانی ئەو چی لە بیرکردنەوەکانی دایە، 4 ساڵ خوێندن!، ئایا تـۆ کە گواستتەوە دەرفەتی خوێندنی

دەوەستیٚ؟ یانیش بەس مارەی دەکەیت؟ ئایا ئەو هەموو پرسیارە زۆرنین بۆ ئەوەی بزانیت، کە دونیا تەنیٚ کچێکی تێدا نییە؟ ئەگەر ئەزانیت ژیانتان لەدواڕۆژ خۆش نابێت، خۆتان مەکەنە قوربانی بڕیاری باوكو دایكانو ژیان دەیان دەرفەتی دیکەی تێدایە.

کاتێکیش دەڵێیت هەست بە گوناه دەکەم، لەوەوەیە کە رەتکراویتیەوەو بەماڵەوەت نەگوتووە، ئیتر ژیان هاوسەریو گەڕان بەدوای ئەو شتانەی تێدایە، جارێك رەتدەکرێیتەوەو جارێك رەتدەکەیتەوە، تا دەگەیتە باشترین کچی بەدڵی خۆت، چونکە تۆ بەدوای کچدا دەگەڕێیت. روونو ئاشکرا قسە بکە لەوەی کە دەتەویٚ، چونکە ژنهێنان بۆ خۆتە نەك بۆ خێزانت، هەوڵبدە قسەیان لەگەڵ بکەیتو پێشیان بڵێیت من ئیتر گەورەبوومو خۆم هاوسەری ژیان هەڵدەبژێرم!

هەوڵ بدە ئازابەو بەپێی ئامارو خاسیەتەکانی خۆت بەدوای هاوسەردا بگەڕێ، کە ئەشزانی هێشتا بچووکیت، ئیدی بیری لێبکەوەو بەماڵەوەشت بڵیٚ هێشتا دەگەڕێم، تا یەکێك ئەدۆزمەوە ژیانی داهاتووم بکات بە بەهەشت. تکایە ئازابەو بڕیار بدە.

*من ئافرەتێکی 25 ساڵەمو کچی گەورەی ماڵەوەم، کە خوشکێكو دوو برای دیکەم هەن، باوکم 5 ساڵ پێش ئێستاو خوشکێکیشم 2 ساڵ پێش ئێستا وەفاتییان کرد. کچێکی رۆمانسیمو وەك ئەوەی دەڵێن جوانو دڵپاکم، بەڵام وا هەست دەکەم باوەڕم بەخۆمە، جگە لەوەش دەرچووی یەکێك لەکۆلێژە تیۆرییەکانی زانستە مرۆییەکانم، بەڵام زانستیی نییم، ئەمەش وای کردووە هەست بە دۆڕاندنو سەرنەکەوتن بکەم.

بۆ یەکەم جار تێکەڵ بوونم لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر بۆ زانکۆ دەگەڕێتەوە، کچێکی شەرمنو تا زانکۆشم تەواوکرد ئەترسام قسە لەگەڵ کوڕان بکەم، ئەمەش وای کرد هەموو هەوڵێکیشم تەنها بۆ قسەکردنیش جێگای پرسیاربێت، ئێستاشی لەگەڵ بێت فێری (خووی نهێنی بووم)، هەوڵی زۆریش دەدەم بۆ ئەوەی وازی لێبهێنم.

ماوەیەکە هەست دەکەم پەیوەندییەکم لەگەڵ پیاوێك هەیە لەپارێزگایەکی تر، هاتۆتە خوازبێنمو خۆشم دەویٚو خۆشی دەوێم، کاتێکیش بەیەکەوە قسە دەکەین یان یەکتری دەبینین وشك دادەگەڕێم، دەترسم تووشی ساردبوونەوە بێم، ئەو ساردبوونەوەش کاریگەری لەسەر ئەو پەیوەندییە جیٚ بێڵێت.

هیوادارم خۆشبەختی بکەم، بەڵام دەشترسم ئەو ترسو شەرمەی من کاریگەری بخاتە سەر دواڕۆژم.. لێشتان ناشارمەوە کە هەمیشە ئارەزووی ئەوە دەکەم بەتەنیا دابنیشمو کێشەکانی خۆم بخوێنمەوە، لەگەڵ ئەوەش ئەترسم تووشی نەخۆشی خەمۆکی بێم.. یارمەتیم بدەن، ئەمەویٚ بزانم من نەخۆشم؟ ئایا دەتوانم لەدواڕۆژ چێژ بە مێردەکەم ببەخشم ؟

– ماوەی مارەکردنت بۆ گواستنەوە باشترین دەرفەتە، کە تێیدا ئەو شەرمە بشکێننو باشتر یەکتری بناسنو تێکگەیشتن لەنێوانتان دروست بێت، کاتێکیش شەرمەکە



شکا، هەستی جوانو شاعیریی لەنێوانتان دروست دەبێت، ئەمەش هیچ پەیوەندییەکی بەساردیو خووی نهێنییەوە نییە، کە هیوادارین بە پڕۆگرامێکی تۆکمە وازی لێبهێنیت. هەروەها دەمەویٚ ئەوەش بزانی کە (خووی نهێنی) خووێکی ناشایستەیە، بۆیەش هەوڵبدە خوێندنەوەیەکی باش بۆ سێکسو خوودی نهێنی پەیدابکەی.. رایەك هەیە دەڵێت هەر کاتێك ویستمان خووی نهێنی تەرك بکەین، پێویستە راستەوخۆ بڕیار بدەین، نەوەك هەوڵ بدەین، هەر کاتێکیش دوای ئەو بڕیارە بۆ یەکجاریش دەستمان بە خووی نهێنی کردەوە، دەبێت بزانین کە بڕیارەکەمان سەرنەکەوتووە.

لێرە هیچ شتێك نییە جگە لەوەی دەبێت بڕیاربدەین، کە دەچینەوە نێو ژیانی سروشتی خۆمان، کاتێکیش بەتەنیا لەژووردا دادەنیشیتو خوێندنەوە بۆ کێشەکانت دەکەیت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تۆ ساردیت یا نەخۆشی خەمۆکیت هەیە، بەڵکو ئەمە کارێکی باشە ئەگەر چارەسەر بۆ کێشەکانت بدۆزیتەوە، قسەکردن لەگەڵ خودو دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان مرۆڤ سەردەخاو سوودمەندی دەکات. ئیدی تۆ نەخۆش نیتو دەبێت لەمەودوا وردتر لەمەسەلەکە بڕوانیتو هەنگاوی باش بهاوێژی، بۆ گواستنەوەی ئەو قۆناغە بۆ قۆناغی هاوسەریەتیو خۆت باش ئامادە بکەیت بۆ قۆناغەکانی داهاتووی ژیان.

# چوار پرسیار، چوار وەڵام

**بۆ** ئاشنابوونی خوێنەران بەچەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە سێکس و هەندێک پرسیاری شاراوەی پەیوەست بەژیانی نێوان ژن و پیاو، (کۆوار) هەرجارەو وەڵامی پێویستی چەند پرسیارێکی تایبەت بەکێشە سێکسیەکان دەداتەوەو ژێدەریش بۆ ئەو وەڵامانە، کۆمەڵێک راوێژکارو پسپۆڕن بەو مەسەلەیە، لەگەڵ سوود وەرگرتن لەئینتەرنێت.

*گرفتی من زوو گەیشتنە بە ئۆرگازم و زوو تەواوبوونمە، واتە یەکجار زوو ڕەحەت دەبم و 9 مانگیشە ژیانی هاوسەریەتیم پێکهێناوە، ئەمەش وایکردووە کە بێزاربم و شەرمەندەی خێزانەکەشم بم، چونکە واهەست دەکات کە مافی تەواوەتی نادەمێ. هەروەها لەرابردوو لەتەمەنی هەرزەکاریشمدا من خوێکی سەیری (خوی نهێنی)یم گرتبوو. لەگەڵ ئەمەش بێ ئەندازە سێکسیم و تەنانەت لەگەڵ بینینی وێنەیەکی نیمچە رووتیش زەوقم هەڵدەستێ. پرسیار لێرە ئەوەیە ئایا دەرمانێك هەیە ئەو کێشەیەم لەکۆڵ کاتەوە؟

_ لە ژمارەکانی پێشووی( کۆوار)داو لەمیانی وەڵامی چەند پرسیارێکدا، روونتر لەسەر ئەم حاڵەتە وەستاوین، کە ئەمەش پێویستی بە خوڵقاندنی کەشێکی گونجاو بۆ سێکس و تێکهەڵکردنی هەستی هەردوو لاوو ئاوێتەبوونێکی رۆحی و جەستەیی هەیە، ئەو دەرمانانەش کە خێرایی گەیشتن بەئۆرگازم چارەسەردەکەن زۆرن، لەوانە (ئەلسترۆڵ، ئەلیبرئەلکس و ئەلیسیرمیۆن).

*ئایا رووناکیی کاریگەریی دەکاتە سەر خۆشیی سێکس کردن، ئەگەر وەڵامەکە بە (بەڵێ)یە، کامە رەنگی رووناکی باشە؟

_ ئێمە فێربووین لەکاتی سێکسکردندا لەتاریکی دابین، بەبیانووی تاوان و رووتی و شەرم. رووناکی بەکاربهێنە بۆ ئەوەی چێژ وەربگریت و شەرم لەژنەکەت نەکەیت، ئەگەر زانیشت بەتاریکی زیاتر خۆشحاڵ دەبیت، یا رووناکیەکی کەم هەبێت.



*زۆرجار گوێم لێبووە دەڵێن وەرزش و لەشجوانی کاردەکاتە سەر لاوازبوونی کرداری سێکسی و زەرەر بە پیاو دەگەیێنێت، منیش ئێستا لەهەرەتی لاوی دام و تەمەنم 17 ساڵەو ئارەزووی یاری دەکەم و یاریزانێکی باشی لەشجوانیم، ئایا ئەوە راستی هەیە؟

_ ئەو زانیارییەی کە بیستووتە، هیچ راستییەکی نییە. بەدڵی خۆت مومارەسەی وەرزش بکە، بەڵام وریابە هیچ هۆڕمۆنات و دەرمانی یترۆدیە نەخۆیت.

*برادەرێك باسی ئەوەی بۆ کردم گوایە ئەگەر بتەوێت کوڕت پەیدابێ یان کچ، کاتی تایبەت هەیە بۆ سێکس کردن، گوایە سێزدەمین رۆژ دوای سووڕی خوێن، کرداری سێکسی بکەیت، کوڕ پەیدا دەبێ. ئایا ئەمە چەندە راستە؟ ئەی راستە چۆنیەتی ئەنجامدانی کرداری سێکسی دەتوانێت کچ و کوڕ دیاری بکات؟

_ چۆنیەتی مومارەسەکردنی سێکس بۆ دروستکردنی کوڕ یان کچ، پرسیارێکی کۆنی مرۆڤایەتییە، ئەوان لەکۆندا چۆنیەتی شێوازی کرداری سێکسی و جۆری خواردن و رۆژی تایبەتی دوای سووڕی خوێنیان دادەنا کە کوڕ یان کچ پەیدا دەبێ، ماوەیەکیش بەر لەئێستا لەهیندستان پێشنیاری ئەوەکرا چەند رێگەیەکی تایبەت دەستنیشان بکەن بۆ بەرهەمهێنانی کوڕ، بەڵام هیچیان سەرنەکەوتن.